# راگەیاندنی سەربەخۆیی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم قورستر نییە


ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەرچەرخانێکی گەورە و بێ وێنەیە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا و رۆژێکی هاوشێوەی ٢٥ی ئەیلوول لە مێژووی کوردستاندا بوونی نییە، لەمەش زیاتر ئەنجامدانی ریفراندۆم شڵەقاندنی گۆمێکی مەنگی ١٠٠ ساڵە بوو نەك تەنیا بۆ ئێمەی کورد، بەڵکو شڵەقاندنی ئەو گۆمە مەنگە بوو بۆ دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، ئەمەش بەو مانایەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کەوتنە بەردەم باهۆزێکی تازە و سەرەتای گۆڕانکاری لە نەخشەی دەوڵەتەکانیان دەست پێدەکات.

ریفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستانە، بەڵام ئەم بڕیارە دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ئیرادەی گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستیان کردووە، بەڵام خواستی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەوەیە ئەم گۆڕانکارییانە بە رێگەی ئاشتییانە و سەردەمییانە رووبدات، نەك بە رێگەی زەبر و زەنگ و رووبەڕووبوونەوەی سەربازی، ئەم ئامانجە پێویستی بەوەیە بەشێوەیەکی ئەقڵمەندانە سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆمان دابڕێژین، هەروەها دەبێت هێمن و لەسەرخۆ بین، بۆ ئەوەی ئەو کاردانەوە توندانە هێور بکەینەوە کە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە دروستی کردوون، لە بەشێکدا کاردانەوەکانی عەرەب و فارس و تورك بەرامبەر ئەم وەرچەرخانە گەورەیە، چاوەڕوانکراو بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان مەبەستیانە گۆڕانکارییەکان بەوجۆرە بن کە خۆیان ئاواتیانە و بیری لێدەکەنەوە، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچووە و گۆڕانکاری تازە جێگەی گرتۆتەوە.

گەلی کوردستان لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوول بڕیاری خۆی دا و بە جیهانی راگەیاند سەربەخۆیی دەوێت و دەوڵەتی کوردستان دادەمەزرێنێت، ئەم پەیامە زۆر باش تورکیا و عێراق و ئێران تێی گەیشتوون، بۆیە زۆر شێتگیرانە کاردانەوەیان بەرامبەر ئاکامی ریفراندۆمەکە پیشانداوە، دەیانەوێت رێگە لەم وەرچەرخانە بگرن، بەڵام ئەم وەرچەرخانە روویداوە و لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان تەواو دەبێت.

ئەو دەوڵەتەی گەلی کوردستان دەیەوێت دایبمەزرێنێت، لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی تیرۆر و نەهێشتنی توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی دادەمەزرێت، هەر بۆیە ئەم دەوڵەتە بە تەنیا بۆ گەلی کوردستان وەك پێویستییەك سەیر ناکرێت، بەڵکو ئەم دەوڵەتە بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهانی ئازاد و دیموکراتی گرنگە و پێویستە پشتگیریشی لێ بکەن. بۆیە ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێت دژی دەوڵەتی کوردستان رابوەستن، ئەگەر بە تەنیا رووبەڕووی ئێمە

**سەرۆک مسعود بارزانی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمیش بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئامادەن بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەکان، لەم بارودۆخە ئاڵۆزەشدا ئەگەر هەر پێشنیارێک بۆ گفتوگۆ هاتبێتە پێشەوە، کوردستان پێشوازی لێکردووە و ئامادەباشی بۆ وتووێژێکی کراوە و بێ مەرج دەربڕیوە**



د.محەمەد ساڵح جومعە

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ببوونایەتەوە، ئەوا دەیانتوانی پرۆسەکە رابگرن، بەڵام ئەوان دەزانن بەکاری لەو جۆرە خۆیان رووبەڕووی هەموو جیهانی ئازاد و بەرەی دژە تیرۆر دەکەنەوە.

ئەو کۆڵەگە سەرەکییانەی دەوڵەتی کوردستانی لەسەر رادەگەیەنرێت بریتین لە:

١. پابەندبوون و درێژەپێدان بە رێبازی بارزانی کە بۆتە هەوێنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان سەرجەم نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستاندا.

٢. دۆستایەتیی پتەوی ئێمە لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوای دیموکراتی و هاوپەیمانەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٣. بێ ئاگایی و تێنەگەیشتنی ئەو دوو سێ دەوڵەتەی کە دەیانەوێت رێگری لەم گۆڕانکارییە تازەیە بکەن.

ئەم سێ هۆکارە سادە و گرنگە، گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، بۆیە کوردستان دەبێتە ئەو دەوڵەتە تازەیەی کە نەخشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە دەبینێت.

لەم بارودۆخە تازەیەدا کە گرنگە بە گەشبینییەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، مەسەلەی هەڵوێست و کاردانەوەی نێودەوڵەتییە لەسەر پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ئێمە، زۆر کەس لە سادەیی خۆیەوە ئەو پرسیارە دەکات: بۆچی دەوڵەتان پشتگیری ریفراندۆمی ئێمە ناکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا راشکاوانە دەڵێم: ئێمە ریفراندۆممان بۆ ئەوە ئەنجام نەداوە هەتا رای دەوڵەتان بزانین، بەپێچەوانەوە ئێمە ریفراندۆممان ئەنجامداوە هەتا ئیرادەی گەلی خۆمان پیشانی جیهان بدەین و بە جیهان بڵێین گەلی ئێمە سەربەخۆیی دەوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ریفراندۆم وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کراوە کە سەربەخۆییە، بۆیە کاتێك کوردستان سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، هەڵوێستی دەوڵەتانیش دەگۆڕێت و دان بە سەربەخۆییەکەدا دەنێن.

بەڵام لە ئێستادا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەوجۆرە ئیدارەی ئەم پرۆسەیە دەکات کە لەسەر بنەمای ئاشتی و دیالۆگ لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ بگەنە ئەو ئاکامەی کە گەلی کوردستان دەنگی بۆ داوە، ئەم دانوستاندن و دیالۆگەش کە ئامانجمان ئەوەیە پێش هەمووان لەگەڵ حکومەتی عێراق دەستی پێبکەین، هەنگاوی یەکەم لەسەر بنەمای ئەو ریفراندۆمە دەست پێدەکەین کە چیدیکە گەلی ئێمە ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو پێکەوەژیانەی رابردوو لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، هەروەها لەمەش زیاتر پێیان دەڵێین کە چیدیکە ئەو دەستوورەی عێراق و ئەزموونی بە فیدراڵیکردنی عێراق نابێتە ئەو چەترەی کە میللەتی ئێمە بپارێزێت، باشترین بەڵگەش لەسەر ئەم راستییانە هەڵوێستی توندی حکومەتی بەغدایە بە گرتنەبەری ئەو سزایانەی کە دژی خەڵکی کوردستان پیادەیانی کردووە.

**ئەگەر رۆڵی کورد و کوردستان نەبوایە نەک ئەوانەی ئێستا دژایەتی کوردستان دەکەن لە بەغدا دەسەڵاتدار نەدەبوون، بەڵکو رژێمی پێشووی عێراقیش نەدەڕووخێنرا و ئەو عێراقە دروست نەدەبوو کە ئێستا ئەوان تیایدا باڵادەستن**

راشکاوانە دەڵێم: ئێستا حکومەتی عێراق هەر ئەوەندەی لەدەست دێت بەرامبەر کوردستان بیکات، خۆ ئەگەر کارێکی دیکە لە دەستی بهاتایە و بیتوانایە دژی کوردستان ئەنجامی بدات، ئەوا سێ و دووی لێ نەدەکردو تا ئێستا ئەنجامی دەدا. هەر بۆ نموونە حکومەتی عێراق بە ئاشکرا داوای لە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران کردووە کە پێکەوە بە سێ قۆڵی سزای خەڵکی کوردستان بدەن و سنوورەکانمان لێ دابخەن و گەمارۆمان بخەنەسەر، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا میللەتی خۆمانی لێ ئاگادار بکەینەوە، ئەوەیە کە سەرۆك مسعود بارزانی لە ئێستای دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمیش بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئامادەن بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەکان، لەم بارودۆخە ئاڵۆزەشدا ئەگەر هەر پێشنیارێك بۆ گفتوگۆ هاتبێتە پێشەوە، کوردستان پێشوازی لێکردووە و ئامادەباشی بۆ وتووێژێکی کراوە و بێ مەرج دەربڕیوە، ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە کوردستان دەیەوێت ئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسەرداوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە چوارچێوەی دیالۆگێکی سەردەمییانە بگاتە ئامانج، بەداخەوە دوژمنانی کوردستان لەم لۆژیك و سیاسەتەی سەرۆك بارزانی تێناگەن و دەیانەوێت پەنا بۆ زەبری هێز و شێوازی دیکەی ناشارستانی بەرن، لەبەرامبەر ئەم تێنەگەیشتن و ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی عێراق و تورکیا و ئێران بەرامبەر بە ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان دەیکەن، راشکاوانە ئەوەیان پێدەڵێین:ئەم هەڵوێستەی ئەوان ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا پرۆسەی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان خێراتر دەبێت و زووتر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رادەگەیەنین. هەروها راشکاوانە دەڵێین: پرۆسەی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە سووربوونمان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا قورستر نییە، هەر بۆیە ئەگەر عێراق بە پشتیوانیی تورکیا و ئێران، بەوجۆرە بیربکاتەوە کە ئەو گوشارانە دەبنە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، یان ئاکامی ریفراندۆم هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا دەبێت زۆر باش لەو راستییە تێبگەن، کە ئاکامی ریفراندۆم دەنگی خەڵکی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی و هیچ هێز و لایەنێك ئەو مافەی نییە کە دەنگی خەڵکی کوردستان رەتبکاتەوە، واتە ئەم پرسە لە پرسی حزبە سیاسییەکان دەرچووەو بۆتە پرسی خەڵکی کوردستان و ئەوانیش بڕیاری خۆیان داوەو بڕاوەتەوە. بۆیە کاتێك هەوڵە دوژمنکارییەکان بەردەوام بن دژی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەو حیسابەی کە دەتوانن ئیرادە و کەرامەتی میللەتێك بشکێنن، ئەوا گەلی کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی دەدات و جیهانیش ناچار دەبێت رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت و هەموو دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە چیدیکە میللەتێك ناتوانێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بمێنێتەوە، کە ئەو دەوڵەتە ئامادەبێت لە پێناوی سزادانی بەشێك لە گەلەکەی پەنا بۆ دەوڵەتانی دراوسێی خۆی ببات.

## ● ئایندەی کوردستان و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و پاشانیش لەسەر ئاکامی دەنگدانی خەڵکی کوردستان پرسێکە و مەسەلەی سەقامگیری و ئاشتیی کوردستان و مانەوەی وەك ئەندامێکی کارامە لە بەرەی دژە تیرۆر مەسەلەیەکی دیکەیە. ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەبەر چەندین هۆکار لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم نەبووبن لە ٢٥ی ئەیلوولی رابردوو، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیدی حکومەتی عێراق و حەیدەر عەبادی دەستکراوە دەبن بۆ ئەوەی هەرچی دەیانەوێت دژی کوردستان ئەنجامی بدەن، بیکەن و کەس هەقی بەسەریانەوە نەبێت.

لەم چوار چێوەیەدا ئەگەر سەیری هەڵوێستی ئەمریکا بکەین کە لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە نەبوو لەکاتی خۆیدا، ئەمەش جۆرێك لەدڵتەنگی لەلایەن هاووڵاتیانی کوردستان دروست کردووە، بەڵام سەبارەت بە ئارامی و سەقامگیریی کوردستان هەڵوێستێکی دیکەی هەیە و هۆشداری داوەتە بەغداو ئەنکەرەو تاران بەوەی نابێت بیر لە چارەسەری سەربازی بکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هەر لایەك بیر لەبەکارهێنانی هێز بکاتەوە

**ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەبەر چەندین هۆکار لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم نەبووبن لە ٢٥ی ئەیلوولی رابردوو، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیدی حکومەتی عێراق و حەیدەر عەبادی دەستکراوە دەبن بۆ ئەوەی هەرچی دەیانەوێت دژی کوردستان ئەنجامی بدەن، بیکەن و کەس هەقی بەسەریانەوە نەبێت**

**چیدیکە میللەتێک ناتوانێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بمێنێتەوە، کە ئەو دەوڵەتە ئامادەبێت لە پێناوی سزادانی بەشێک لە گەلەکەی پەنا بۆ دەوڵەتانی دراوسێی خۆی ببات**

**ئاکامی ریفراندۆم دەنگی خەڵکی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی و هیچ هێز و لایەنێک ئەو مافەی نییە کە دەنگی خەڵکی کوردستان رەتبکاتەوە، واتە ئەم پرسە لە پرسی حزبە سیاسییەکان دەرچووەو بۆتە پرسی خەڵکی کوردستان و ئەوانیش بڕیاری خۆیان داوەو براوەتەوە**

**ئێستا حکومەتی عێراق هەر ئەوەندەی لەدەست دێت بەرامبەر کوردستان بیکات، خۆ ئەگەر کارێکی دیکە لە دەستی بهاتایە و بیتوانایە دژی کوردستان ئەنجامی بدات، ئەوا سێ و دووی لێ نەدەکردو تا ئێستا ئەنجامی دەدا**

دژی کوردستان، پاشان خۆی تەحەمولی ئەو ئاکامە دەکات کە لە ئەنجامی ئەو سەرەڕۆییەی دووچاری دەبێتەوە.

بەداخەوە حکومەتی عێراق و حەیدەر عەبادی زۆر بە نەزانی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان بەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم تەفسیر کردووەو کردوویانەتە کارتێك بۆ دژایەتی کوردستان و سزادانی خەڵکەکەی، ئەمە لەکاتێکدا دەبوو حکومەتی عێراق بەو حیسابەی حکومەتێکی فیدراڵییە و کوردستانیش هەتا ئێستا بەشێکە لەعێراق و لەو حکومەتە فیدراڵییە، دەبوو هەنگاوەکانی ئەوەندە هێمنانە بوایە کە بە ئەقڵێکی کراوە دەستپێشخەری بۆ دیالۆگێکی کراوە بۆ کوردستانی دوای ریفراندۆم بکردایەو مەرجی ئەوەی دانەنایە کە دەبێت ئاکامی ریفراندۆم هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو لەبری ئەمە دەبوو دەستووری عێراق بکاتە بەرنامەی خۆی بۆ دانوستاندن لەگەڵ کوردستان و لەگەڵ ئاکامی دەنگی خەڵك بۆ سەربەخۆیی دانوستاندنی لەسەر بکردایە، لەمەش زیاتر بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دەستووری عێراق بکردایە، هەتا ئەگەر کوردستان سەقفی داواکارییەکانیشی بەرز بووایە، ئەوا دەکرا بە هەمووارکردنەوەیەکی بچووك لە دەستووری عێراقدا جێگەیان بکردایەتەوە.

ئەگەر حکومەتی عێراق بەم شێوازە مامەڵەی لەگەڵ ئاکامی ریفراندۆم بکردایەو بیری لە سزادان و گەمارۆی کوردستان نەکردایەتەوە، ئەوا لەوانە بوو هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر بەلای حکومەتی عێراقدا بشکابایەوە و گوشاریش بخرابایەتە سەر کوردستان بۆ ئەوەی کاتی زیاتر بۆ وتووێژ و گفتوگۆکان تەرخان بکات و راگەیاندنی سەربەخۆیی دوابخات.

ئەگەر سەیری شێوازی مامەڵەکردنی عێراق بە پلەی یەکەم و تورکیا و ئێران بە پلەی دووەم لەسەر ئەم پرسە بکەین، ئەوا بە راشکاوی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەڵێت: من ئامادەم لەسەر ئەم پرسە وتووێژی کراوە دەست پێبکەین، ئەمەش بەو مانایەی ئامادەیە دانوستاندنی لەسەر بکات بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق، هەروەها پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێراندا. بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی کوردستان، هەر سێ لایەن راستەوخۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە پرۆسەی ریفراندۆم پلانێکی ئیسرائیلی – ئەمریکییە و ناهێڵن، ئیسرائیلێکی دیکە لەم ناوچەیە دروست ببێتەوە. بێگومان نە ئیسرائیل بە فەرمی رایگەیاندووە کە پرۆسەی ریفراندۆم دەستی ئەوانی تێدایە، نە ئێمەش وەك کوردستان پڕوپاگەندەی ئەوەمان کردووە بە پشتگیریی ئەوان ئەم پرۆسەیەمان ئەنجامداوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر تەنیا قسەکانی خۆیان بکەینە بەڵگە و بڵێین گریمان ئەو قسانەی ئێوە دەربارەی پرۆسەی ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەیکەن، بەوەی پرۆسەیەکی ئیسرائیلیە و دەوڵەتی کوردستانیش ئیسرائیلی دووەمە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەوجۆرە بێت کە ئێوە دەیڵێن، ئایا ئێوە دەتوانن شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەن؟ یان ئەگەر دیسان وەك خۆتان دەڵێن، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دروستکردنی ئیسرائیلی دووەمە، ئایا ئێوە توانیوتانە ئیسرائیلی یەکەم تێکبشکێنن، هەتا رێگری لە ئیسرائیلی دووەم بکەن؟ ئەوان لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بێجگە لە پیشاندانی هیستریا و سەرلێتێکچوونی سیاسی خۆیان وەڵامێکی دیکەیان پێ نییە، چاوی خۆیان لەو راستییانە دەپۆشن، کە ئەگەر رۆڵی کورد و کوردستان نەبوایە نەك ئەوانەی ئێستا دژایەتی کوردستان دەکەن لە بەغدا دەسەڵاتدار نەدەبوون، بەڵکو رژێمی پێشووی عێراقیش نەدەڕووخێنرا و ئەو عێراقە دروست نەدەبوو کە ئێستا ئەوان تیایدا باڵادەستن، هەروەها سەبارەت بە تورکیا و ئێرانیش، کە ماوەی ٢٥ ساڵە کوردستانێکی سەربەخۆی ئەمری واقیع بۆتە دراوسێیان، ئێستا ئەو هەموو بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەیان لەگەڵ کوردستاندا بۆ دروست نەدەبوو.

لە دوماهیدا تەنیا جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە کە بێجگە لە دیالۆگ و دانوستاندن هیچ رێگەیەکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و کوردستان بوونی نییە و هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش پشتگیری ئەم دیالۆگ و دانوستانە دەکات، بۆیە ئەوانەی پێیانوایە دەتوانن بە لۆژیکی هێز ئەم هاوکێشەیە بگۆڕن، ئەوا دەبێت بزانن ئەم لۆژیکە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان خێراتر دەکات.

**دوژمنانی کوردستان لەم لۆژیک و سیاسەتەی سەرۆک بارزانی تێناگەن و دەیانەوێت پەنا بۆ زەبری هێز و شێوازی دیکەی ناشارستانی بەرن، لەبەرامبەر ئەم تێنەگەیشن و ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی عێراق و تورکیا و ئێران بەرامبەر بە ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان دەیکەین، راشکاوانە ئەوەیان پێدەڵێین:ئەم هەڵوێستەی ئەوان ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا پرۆسەی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان خێراتر دەبێت و زووتر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رادەگەیەنین**

**ئێمە ریفراندۆممان بۆ ئەوە ئەنجام نەداوە هەتا رای دەوڵەتان بزانین، بە پێچەوانەوە ئێمە ریفراندۆممان ئەنجامداوە هەتا ئیرادەی گەلی خۆمان پیشانی جیهان بدەین و بە جیهان بڵێین گەلی ئێمە سەربەخۆیی دەوێت**

**ئەو دەوڵەتەی گەلی کوردستان دەیەوێت دایبمەزرێنێت، لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی تیرۆر و نەهێشتنی توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی دادەمەزرێت، هەر بۆیە ئەم دەوڵەتە بە تەنیا بۆ گەلی کوردستان وەک پێویستییەک سەیر ناکرێت، بەڵکو ئەم دەوڵەتە بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهانی ئازاد و دیموکراتی گرنگە و پێویستە پشتگیریشی لێ بکەن**


الله اكبر

## سەبر و ئارامی کوردستان سنووری خۆی هەیە

# ئەو کاتەی عێراق ناچار دەبێت ئاسن بە ئەژنۆی خۆی بشکێنێت



ئەو هیستريایەی لەناو هێز و لایەنەکانی هاوپەیمانیی شیعە بەهۆی بڕیاری بوێرانەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستانەوە دروست بووە، نەك هەر سیاسەت، بەڵکو پرۆسەی سیاسیی عێراقیشی بێ مانا کردووە، لەسەرەتاوە خەریك بوو لایەنە عەرەبەکانی سوننەی عێراقیش لەناو ئەو هیستريایەی هاوپەیمانیی شیعەدا سەریان لێ بشێوێت و دوای سیاسەتی پۆپۆلیستانی شیعی دژی کوردستان بکەون، بەڵام باش بوو زوو تێگەیشتن، کێشەی عەرەبی سوننە لەگەڵ سیاسەتی مەزهەبگەرایی هاوپەیمانی شیعە لە کێشەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان گەورەترە.

هێزەکانی شیعەی حەشدی شەعبی کە لەژێر پەردەی شەڕی دژی داعشدا، بەشێکی گەورەی مەرامەکانی خۆیان بۆ پاکتاوکردنی سوننە و کاوکردنی شارە سوننەنشینەکانی وەك موسڵ و رومادی و فەلوجە و تکریت و دیالە، جێبەجێ کرد، ئێستا عەرەبی سوننەیان وەك تائیفەیەکی بە بارمتەکراو لێکردووە، عەرەبی سوننە نە مەرجەعیەتێکی ئەوتۆی ماوە کۆیان بکاتەوە، نە هیچ هێزێکی کاریگەریشی لەبەرامبەر حەشدی شیعە هەیە کە داکۆکییان لێ بکات، بۆیە ئەگەر عەرەبی سوننە خۆی بکاتە پاشکۆی عەرەبی شیعە بۆ دژایەتی کوردستان، ئەوا خۆیان دەخنە پێگەیەکەوە کە بە دەستی خۆیان رەزامەندیی کۆیلەبوون بۆ سیاسەتی شیعەگەرایی پەسەند دەکەن.

حەیدەر عەبادی کە لە ئێستادا لە لێدوانەکانیدا زیاتر لاسایی حەسەن نەسروڵای سەرۆکی حزبوڵای لوبنانی دەکاتەوە، زۆر سەرگەرم و لووتبەرزانە لە ناو پەرلەمانی عێراقەوە رووی لە کوردستان کردو رایگەیاند، ئێستا پشتگیری تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ منە، بۆیە ئەگەر بڕارە بێتە سەر ئەوەی لە نێوان کوردستان و عێراق یەکێکیان هەڵبژێرن، ئێمە هەڵدەبژێرن نەك ئێوە، ئەم قسانەی عەبادی لەسەر بنەمای ئەو گەلەکۆمەکییەی پەرلەمانتارانی عەرەبی شیعەو سوننە بوو دژی کوردستان، ئەو کاتە بوو کە سەلیم جبوری نەچووە پرسەکەی باوکی بۆ ئەوەی بڕیارەکان دژی کوردستان پەسەند بکات، بەڵام بەشێك لە سەرکردەکانی عەرەبی سوننە زوو بە هۆش خۆیان هاتنەوە و بۆیان دەرکەوت ئەم خزمەتە بەلاشە لە پێناوی چی بکرێت بە خەڵات بۆ سیاسەتی شیعەگەرای عەبادی و مالیکی کە هەتا ئێستاش رێگەنادەن هاووڵاتیەکی موسڵ بچێتە ناو بەغداوە، هەتا ئێستا بەچاوی نزم سەیری هاووڵاتیانی ئەنبار و تکریت و دیالە و موسڵ دەکەن.

عەرەبی سوننەی عێراق کە بە هاوشێوەی عەرەبی شیعەی عێراق کەم ئەزموون نین لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، بەڵام سیاسەتی شیعەگەرایی عەبادی و مالیکی بە جۆرێك سەری لێ شێواندوون، هەندێك جار نەزانن وەك ئەوەی پێویستە لەسەریان هەنگاو هەڵبگرن، یان سوود لە ئەزموونی ٢٠٠٣- ٢٠١٧ی سیاسەت و باڵادەستیی شیعە لە حوکمڕانی عێراقدا وەربگرن.

عەرەبی سوننە دوای ئەوەی بە بیانووی شەڕی دژی داعش نزیکەی ٣ ملیۆن هاووڵاتیان لێ ئاوارە بوو، بەشی هەرە زۆریان بێجگە لە کوردستان نەیانتوانی روو لەهیچ بەشێکی دیکەی عێراق بکەن، بەڵام زیاتر لە ٢,٥ ملیۆن کەسیان روویان لەشارەکانی کوردستان کردووە، بەبێ ئەوەی لە گوڵ کاڵتریان پێ گوترابێت، بەڵام ئەو بەشە کەمەشی بە ناچاری روویان لە بەشەکانی دیکەی عێراق کردووە، تەنانەت ئەوانەشی وەك کەمینە لەشارە شیعەنشینەکاندا دەژین، نەك هەر سووکایەتییان پێدەکرێت، بەڵکو لەکاتی چوونیان بۆ مزگەوتەکانیش کە دەزانن سوننەن، ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت و شەڕیان پێ دەفرۆشرێت.

لەدوای ئەوەی کوردستان ریفراندۆمی ئەنجامدا، هاوپەیمانیی شیعە زۆر هەوڵیدا بۆ مەرامی مەزهەبگەرایی خۆیان، عەرەبی سوننە وەك ئامرازێك بۆ دژایەتی کوردستان و شەرعییەتدان بە سیاسەتی مەزهەبگەراییان بەکار بێنن، بەڵام خەریکە بەشێکی باشی عەرەبی سوننە لە مەرام و نیازەکانی سیاسەتی شیعەگەرایی تێدەگەن و بەشێوەیەك لە شێوەکان بە خۆیاندا دەچنەوە.

نوری مالیکی دوای ئەوەی لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ بۆ جاری دووەم بووەوە بە سەرۆك وەزیرانی

**سەرۆک بارزانی و سەرۆک مام جەلال کە بەشداریی نووسینەوەی دەستووری عێراقیان کردووە، تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەشدارییان کردووە کە دەسەڵاتەکانی کوردستان لە ماوەی ١٩٩٢-٢٠٠٣ چۆن بووە و چەند بووە ببێتە بەشێک لە دەستووری عێراق، پاشانیش پرسی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان وەک کێشەی سنوور و خاک لەگەڵ عێراقدا بەپێی ئەو دەستوورە چارەسەر بکرێت**

**پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق بەپێی ئەو دەستوورە تەنیا یەکێتییەکی ئارەزوومەندایە، ئەمەش واتە ئەو دەستوورە تا ئەو کاتە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە کە خەڵکی کوردستان رازی بن بە پێکەوەژیانی ئارزوومەندانە لەگەڵ عێراقدا، بەڵام کاتێک خەڵکی کوردستان بە رێژەی نزیکەی ٩٣٪ ئەو پێکەوەژیانە رەتبکاتەوە، ئەوا ئەو دەستوورە بۆ کوردستان هیچ ئیعتبارێکی نییە**

عێراق، فرسەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق قۆستەوەو سەرەتا کەوتە پاکتاوی عەرەبی سوننە لەژێر ناوی دژایەتیکردنی تیرۆردا و هەموو عەرەبی سوننەی خستە خانەی تیرۆریستانی قاعیدەوە، هەر بۆیە عەرەبی سوننە هیچ چارەیەکی نەما کە لەنێوان مالیکی و داعش یەکێکیان هەڵبژێرێت، بۆیە بەناچاری لە ئاستی داعش بێدەنگ بوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە سیاسەتی مەزهەبگەرایی مالیکی بهێنێت، مالیکی دوای ئەوەی تەواو پاکتاوی نفووزی عەرەبی سوننەی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کردو سەرکردەکانی عەرەبی سوننەی دەربەدەری وڵاتان کرد، لەو قۆناخەدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان زۆر رێنمایی عەرەبی سوننەی کرد کە دەست لەناودەست لەگەڵ کوردستان هاوکاری بکەن، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ سیاسەتی شیعەگەرایی مالیکی دابنرێت، بەڵام دیاربوو لەبەر هەر هۆیەك بوو سوننە ئەو کارەی پێنەکرا، بەڵام کاتێك مالیکی بەتەواوەتی دڵنیا بوو کاریگەری سوننەی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا نەهێشتووە، بەتەواوەتی خۆی بۆ کوردستان تەرخانکردو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و تەنانەت ئەنجومەنی وەزیرانیش، بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی. ئێستا حەیدەر عەبادی و هاوپەیمانیی شیعە دەیانەوێت هەمان سیاسەتی کابینەکەی نوری مالیکی لەگەڵ کوردستان تاقی بکەنەوە، بەڵام هێشتا سەرکردەکانی عەرەبی سوننە بە تەواوەتی لە مەترسیی ئەم هەنگاوەی هاوپەیمانیی شیعە تێنەگەیشتوون و بەتەواوەتی نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر کوردستان نەبوایە، ئێستا ئەو ٢,٥ ملیۆن ئاوارەی سوننە کە لە کوردستان حەواونەتەوە، وەك دیلی شەڕ لە کەمپەکانی هاوپەیمانیی شیعە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

## ● دووڕیانی غروور و تەحەددی لەبەردەم عەبادی و حکومەتەکەی

رۆژی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رۆژنامەنووسێك پرسیاری لە سەرۆکی کوردستان کرد، ئایا وەڵامی ئێوە بۆ هەڕەشەو گوڕەشەکانی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عیراق چییە؟ لەوەڵامدا بارزانی گوتی: ئێمە رێزمان بۆ عەبادی هەیە، ئەگەر هەڕەشە و گوڕەشەش بکات، ئێمە وەڵامی نادەینەوە، لەبەر ئەوەی تێدەگەین لە چ بارودۆخێکدایە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامییە عەبادی خۆی لە زمانی بارزانی و کوردستان تێناگات و نازانێت هەڵپەڕین بە زوڕنای مالیکی و وەکیلەکانی ئێران بەرەو چ کارەسات و گۆبەندێکی دەبات.

هەتا ئێستاش وەڵامدانەوەی سەرۆکایەتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ عەبادی تەنیا بۆ ئەوەیە ئەم پیاوە وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق بە تەواوەتی نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمە توندەی کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دروستیان کردووە، بۆیە عەبادی چەند وەك حەسەن نەسروڵا هەڕەشە بکات و خۆی گیف بکاتەوە، وەڵامی سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەت ئەوەندە بووە کە گوتوویانە (ئومێد دەخوازین وتووێژێکی کراوە و بێ مەرج لە نێوان کوردستان و عێراق بە زووترین کات دەست پێبکات و گرژییەکان هێوربکرێنەوە)، بەڵام لەبەرامبەردا عەبادی نەك هێور نەبۆتەوە، بەڵکو زمانی خۆی توندتر دەکات، بە ئەزموونی سیاسی و دەوڵەتداری خۆی ئەم هەڵوێستەی وا لێکداوەتەوە بەوەی گوایە کوردستان لەژێر گوشاردایە و لە لاوازییەوە داوای دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانەی لەگەڵ حکومەتەکەی عەبادی دەکات، لەمەشیاندا دیارە عەبادی ناهەقی نییە، چونکە جیا لەوەی لە خەباتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن ئەزموونێکی ئەوتۆی لەگەڵ سیاسەت و لۆژیکی بارزانی نییە، هەروەها لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئەوەی پێیان دەگوت عێراقی نوێ، لە پۆستێکی ئەوتۆدا نەبووە کە ئەزموونێکی تەواوی لە خوێندنەوەی ئەم سیاسەتەی کوردستان هەبێت و لە بارزانی تێبگات، ئەم حاڵەتە لەسەرەتاشدا بۆ مالیکی بەو جۆرە بوو، ئەویش خۆی تاقیکردەوە کە چەند دەبابەیەکی شکاو بنێرێتە سەر پێشمەرگە لە قەرەتەپە، بەڵام کاتێك بارزانی بڕیاری جووڵاندنی هێزی دا، ئەگەر ئەمریکا نەکەوتایەتە بەینەوە و بابەکر زێباری کە ئەو کات سەرۆك

**لەعێراقی دوای سەدام حوسێن، هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی لەبەر یەک هەڵوەشێنران، بۆیە عێراق هیچ دامەزراوەیەکی شەرعی نەبووە، بەڵام کوردستان هەموو دامەزراوەکانی بە پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری وەک دامەزراوەی دەوڵەتی دانی پێدانراوە، پاشانیش دەستووری عێراق ئیعترافی پێکردووە**

**ئەو کاتەی ئۆپەراسیۆنی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق دەستی پێکردووە، بێجگە لە کوردستان و هێزی پێشمەرگە، هیچ هێزێکی سیاسیی عەرەبی شیعە و سوننە بەشدار نەبوون**

**کاتێک دەستووری عێراق نوێ نووسراوە، عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی نەبووە و لە ژێر فەسڵی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، بەڵام کوردستان ئەندامێکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بووە بۆ رووخانی رژێمی سەدام حوسێن**

**هەتا ئێستاش عەرەبی عێراق بەگشتی و عەرەبی شیعە بەتایبەتی و تەنانەت بەشێك لەو کوردزمانانەش کە خزمەتی بەلاش پێشکەشی دوژمنانی کوردستان دەکەن، وای دەبینن کە ئەو دەسەڵاتانەی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بۆی دیاریکراوە، پێش ئەو دەستوورە ئەو دەسەڵاتانەی نەبووە**

**لایەنە توندڕۆکانی شیعە دژی کوردستان، خوازیاری ئەوەن بە بریاری عەبادی هێرش بکەنە سەر کوردستان، بۆ ئەوەی کێشەی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی وەک شەڕی ناوخۆی ناو دەوڵەتێک سەیر بکرێت و نەبێتە پرسێکی نێودەوڵەتی**

**ئەم سیاسەتی شیعەگەراییەی هاوپەیمانیی شیعە، تەواوی پێکهاتەی عەرەبی شیعەی عێراق لە چوارچێوەی ئەو عێراقە دەباتە دەرێ کە ئێستا وەک هاوپەیمانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت و، بەرەو پاشکۆبوونی ئێرانی دەبات**

ئەرکانی سوپای عێراق بوو، بارودۆخەکەی هێور نەکردایەتەوە، هەر ئەو کات کۆتایی بە مالیکی هاتبوو لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، لە ئێستاشدا کە دیسان عەبادی غروور بەری چاوی تاریک کردووە، ناتوانێت واقیعەکە وەك خۆی ببینێت، خەریکە هەمان ئەزموونی فاشیلی مالیکی دووبارە دەکاتەوە و بە تەواوەتی وەك مالیکی رەفتار دەکات، بۆیە ئێستا کاتێکی گونجاوە عەبادی بیر لە قسەیەکی سەرۆك بارزانی بکاتەوە کە چەند مانگێك پێش وادەی دیاریکردنی رۆژی ریفراندۆم، کاتێك لێیان پرسی ئەگەر مالیکی بووەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئێوە چی دەکەن؟ سەرۆکی کوردستان زۆر راشکاوانە بە جیهانی راگەیاند ئەوکاتە راستەوخۆ سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنم.

بەبیرهێنانەوەی ئەم واقیعە بۆ بەردەم عەبادی، بۆ ئەوەیە عەبادی بزانێت، هەتا رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ چ رێزێکی لای سەرۆکی کوردستان هەبووە ئێستاش کە بە زمانێکی هێور و بە هاوتای زمانە ناشیرینەکەی خۆی وەڵام نادرێتەوە، ئەوەیە کە سەرۆکی کوردستان ئومێدی ئەوەیە عەبادی خۆی وەکو مالیکی لێ نەکات، خۆ ئەگەر بێتو لەم رەفتارانەی پاشگەز نەبێتەوە و سوور بێت لەسەر ئەوەی وەك مالیکی بەرامبەر کوردستان ملهوڕی بکات، ئەوا باشترە وەڵامەکەی سەرۆك بارزانی لەبەر چاو بێت، کە ئەو بریاری سەربەخۆیی کوردستان دەدات، پاشانیش پێتان دەڵێت: (چی دەبێت با ببێت).

لە ئێستادا زمانی هێور و جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی بۆ گەڕانەوە بۆ دیالۆگی کراوە لەنێوان هەولێر و بەغدا، باشترین دەروازەیە بۆ ئەوەی عەبادی لەم تەنگژەیە رزگار بکات و نەکەوێتە ئەو هەڵوێستەی کە ئێستا و رابردووشی لەدەست بچێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەگەر عەبادی بەبێ مەرج دەرگای وتووێژ واڵا بکات، ئەوا دەرگا بۆ پرۆسەیەکی فراوانی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی عێراق دەکاتەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئەم تەنگژەیە لەو چوارچێوە بۆ بەرژەوەندی خۆی دێنێتە دەرەوە کە ئێستا خەریکە بەرەو چوارچێوەی کێشەی نێوان کوردستان و شیعە هەنگاو هەڵدەگرێت، لەمەش خراپتر ئەم سیاسەتی شیعەگەراییەی هاوپەیمانیی شیعە، تەواوی پێکهاتەی عەرەبی شیعەی عێراق لە چوارچێوەی ئەو عێراقە دەباتە دەرێ کە ئێستا وەك هاوپەیمانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت و، بەرەو پاشکۆبوونی ئێرانی دەبات، کە ئێستا زۆر لەبەرپرسانی ئێران نایشارنەوە کە عێراق بێجگە لە بەشێك لە ئێران شتێکی دیکە نییە. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی ئەقڵ وەك دەوڵەتمەدارێك لەگەڵ ریفراندۆم و پەیوەندی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق مامەڵە بکات، پێگەیەکی بەهێزی بۆ دروست دەبێتەوە و ئەوکات دەنگە ئەقڵمەند و میانڕۆکانی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کوردستانیش پشتگیری لێدەکەن و لە ژێر تەوژمی ئەو میلیشیا پرۆ ئێرانییانە رزگاری دەبێت کە ئێستا دەیانەوێت وەك مقاش بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەناو حکومەتی عێراقەوە بریاری پێ دەربکەن.

لایەنە توندڕۆکانی شیعە دژی کوردستان، خوازیاری ئەوەن بە بریاری عەبادی هێرش بکەنە سەر کوردستان، بۆ ئەوەی کێشەی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی وەك شەڕی ناوخۆی ناو دەوڵەتێك سەیر بکرێت و نەبێتە پرسێکی نێودەوڵەتی، بەڵام لەم شەڕەدا جیا لەوەی هەردوولا زیان دەکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە بۆ بەرژەوەندی عەبادی و حکومەتەکەی تەواو نابێت و وەك شەڕی نێوان دوو دەوڵەتی لێ دێت کە پاشان دەبێت عەبادی و حکومەتەکەی باجێکی قورس بدەن.

**● عەبادی هەموو کارتەکانی خۆی ئاشکرا کرد هێشتا کوردستان هیچ کارتێکی بەکار نەهێناوە**

هەتا ئێستاش عەرەبی عێراق بەگشتی و عەرەبی شیعە بەتایبەتی و تەنانەت بەشێك لەو کوردزمانانەش کە خزمەتی بەلاش پێشکەشی دوژمنانی کوردستان دەکەن، وای دەبینن کە ئەو دەسەڵاتانەی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بۆی دیاریکراوە، پێش ئەو دەستوورە ئەو دەسەڵاتانەی نەبووە، ئەوجا بۆ ئەوەی عەرەبی شیعە و سوننە باش لەو هەقیقەتە تێبگەن و هەروەها ئەوانەشی کوردزمانن و چاویان بەشکۆی گەل و نیشتمانی خۆیاندا

هەڵنایەت باش بزانن، بنەمای نووسینەوەی دەستووری عێراق تەنیا بۆ دیاریکردنی ماف و دەسەڵاتەکانی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بووە و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەتایبەتیش هەردوو سەرۆك، سەرۆك بارزانی و سەرۆك مام جەلال کە بەشداریی نووسینەوەی دەستووری عێراقیان کردووە، تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەشدارییان کردووە کە دەسەڵاتەکانی کوردستان لە ماوەی ١٩٩٢-٢٠٠٣ چۆن بووە و چەند بووە ببێتە بەشێك لە دەستووری عێراق، پاشانیش پرسی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان وەك کێشەی سنوور و خاك لەگەڵ عێراقدا بەپێی ئەو دەستوورە چارەسەر بکرێت، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە ئەو دەستوورەی ئێستا حکومەتەکەی عەبادی دەیەوێت هەڕەشەی لەکوردستان پێ بکات، ئەوا ئەو دەستوورە کەم تا زۆر پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە نییە، بەتایبەتیش ئەو دەسەڵاتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی سەروەریی هەرێمی کوردستان، ئەوجا ئەوەی لەم راستییە تێدەگات، دەزانێ ئەم دیڕانە مانای چین، ئەوەشی لێی تێنەگات، یان خۆی لێ گێل بکات و نەیەوێت تێی بگات، ئەوا یان دەبێت ببێتە بەشێك لەو زۆرینەیەی ئێستا دژی کوردستان لێی دەدەن، یان دەبێت لەبەر رۆشنایی ئەو دەستوورە هەر دوو سێکیان پێکەوە بەیاننامەیەك دەربکەن و بە خەڵکی کوردستان بڵێن کوردستان لەبەردەم هەڕەشەدایەو بابچین خۆمان تەسلیمی ئیرادەی شیعە و حکومەتی بەغدا بکەین، بەڵام ئەوەی باش لەم دیڕانە دەگات، ئەوا زۆر باش ئاگاداری ئەم راستییانەیە:

١. کاتێك دەستووری عێراق نوێ نووسراوە، عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی نەبووە و لە ژێر فسەڵی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، بەڵام کوردستان ئەندامێکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بووە بۆ رووخانی رژێمی سەدام حوسێن.

٢. ئەو کاتەی ئۆپەراسیۆنی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق دەستی پێکردووە، بێجگە لە کوردستان و هێزی پێشمەرگە، هیچ هێزێکی سیاسیی عەرەبی شیعە و سوننە بەشدار نەبوون، ئەوجا لەبەر ئەوەی هێزی سیاسی کاریگەر لەناو عەرەبی شیعە و سوننە لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن بوونی نەبووە، ئەوا بەناچاری ئەمریکا خۆی کردە داگیرکاری عێراق، بەڵام کوردستان هەر ئازاد بووە و وەك هاوپەیمانی نەبوویێت، هێزی ئەمریکا لەکوردستان بوونی نەبووەو لەمەش زیاتر سەرۆکی کوردستان رێگەی نەداوە، هێزەکانی ئەمریکا وەك هێزی داگیرکار لە کوردستان مامەڵە بکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە عێراقی عەرەبی وەك لایەنی دۆڕاوی شەڕ و کوردستان وەك لایەنی براوەی شەڕ مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

٣. لەعێراقی دوای سەدام حوسێن، هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی لەبەر یەك هەڵوەشێنران، بۆیە عێراق هیچ دامەزراوەیەکی شەرعی نەبووە، بەڵام کوردستان هەموو دامەزراوەکانی بە پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری وەك دامەزراوەی دەوڵەتی دانی پێدانراوە، پاشانیش دەستووری عێراق ئیعترافی پێکردووە.

٤. کوردستان مەرجی خۆی هەبووە لە نووسینەوەی دەستووری عێراق و مەرجی هیچ لایەکی قبووڵ نەکردووە، لەوانەیە لەبەر رێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان هەندێك نەرمی نواندبێ کە میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکە لە جۆرێکەوە بگۆڕێت بۆ جۆرێکی دیکە، بەڵام هەرگیز سازش و دانوستاندنی لەسەر هیچ ماف و دەسەڵاتێکی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە، لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا، عەرەبی سوننەو شیعە نەك مافی ئەوەیان نەبووە دەسەڵات و ماف بۆ کوردستان دیاری بکەن، بەڵکو مافی ئەوەشیان نەبووە، موناقەشەش لەسەر ماف و دەسەڵاتەکانی کوردستان بکەن، لەمەش زیاتر پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکاش لە عێراق کاتێك ویستبێتی وەك بەشەکانی دیکەی عێراق مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، ئەوا بەرپەرچ دراوەتەوە و پاشان سەرۆك بوش خۆی هاتۆتەسەر خەت و رێز لەماف و دەسەڵاتەکانی کوردستان گیراوە.

دیاریکردنی ئەم چەند خاڵە بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران بۆ ئەو ئامانجە بوو کە کوردستان پێش ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقی دوای ٢٠٠٣ بکات، خۆی خاوەنی یاسای تایبەتی خۆی بووە، ئەم یاسایانەی

**ئێستا کاتێکی گونجاوە عەبادی بیر لە قسەیەکی سەرۆك بارزانی بکاتەوە کە چەند مانگێك پێش وادەی دیاریکردنی رۆژی ریفراندۆم، کاتێك لێیان پرسی ئەگەر مالیکی بووەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئێوە چی دەکەن؟ سەرۆکی کوردستان زۆر راشکاوانە بە جیهانی راگەیاند ئەوکاتە راستەوخۆ سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنم**

**هێشتا سەرکردەکانی عەرەبی سوننە بە تەواوەتی لە مەترسیی ئەم هەنگاوەی هاوپەیمانیی شیعە تێنەگەیشتوون و بەتەواوەتی نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر کوردستان نەبوایە، ئێستا ئەو ٢,٥ ملیۆن ئاوارەی سوننە کە لە کوردستان حەواونەتەوە، وەك دیلی شەڕ لە کەمپەکانی هاوپەیمانیی شیعە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا**

**هێزەکانی شیعەی حەشدی شەعبی کە لە ژێر پەردەی شەڕی دژی داعشدا، بەشێکی گەورەی مەرامەکانی خۆیان بۆ پاکتاوکردنی سوننە و کاولکردنی شارە سوننەنشینەکانی وەك موسڵ و رومادی و فەلوجە و تکریت و دیالە، جێبەجێ کرد**



کوردستان لەبەر رۆشنایی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ نەنووسراونەتەوە، بەڵکو ئەو دەستوورە بەو شێوەیە نووسراوەتەوە کە لەگەڵ یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان بگونجێت.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم خوێندنەوەیەش بەوەی خوێندنەوەیەکی واقیعییانەی دروستە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەستەواژەیەی لەناو دیباجەی دەستووری عێراقدا هاتووە و سەرۆکی کوردستان لەکاتی هەڵمەتەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم زۆر جەختی لەسەر دەکردەوە، کاتێك دەیانگوت دەستوور رێگە بە ریفراندۆمی کوردستان نادات، لەوەڵامدا دەیگوت ئێمە بەم دەستەواژەیەی ناو دەستوور ریفراندۆم ئەنجام دەدەین کە دەڵێت: (مەرجی مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی پاراستنی یەکێتی ئارەزوومەندایە)، ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم دەستەواژەیە ورد ببینەوە کە سەرۆکی کوردستان خۆی وەك یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ جەختی کردۆتەوە کە دەبێت ئەمە لەناو دیباجەی دەستوور هەبێت، ئەوا دەگەینە ئەو راستییەی کە بەشداری کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، مەرجدار بووە بەوەی :

١. حکومەتی عێراق وەك حکومەتێکی مەرکەزی بۆی نییە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات و دەبێت پابەندی ئەو دەستوورە بێت کە ئیعترافی بە هەموو ماف و دەسەڵاتەکانی کوردستان کردووە، ئەو ماف دەسەڵاتانەی کە پەرلەمانی کوردستان خۆی بۆ کوردستانی دروست کردووە، نەك ئەو ماف و دەسەڵاتانەی بە حیساب پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەر دەدات.

کە دەڵێن بەپێی ئەو دەستوورەی عەبادی هەڕەشە لە کوردستان دەکات، ئەو دەستوورە مافی ئەوەی نییە دەسەڵاتەکانی کوردستان دیاری بکات، مەبەست ئەوەیە پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق بەپێی ئەو دەستوورە تەنیا یەکێتییەکی ئارەزوومەندایە، ئەمەش واتە ئەو دەستوورە تا ئەو کاتە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە کە خەڵکی کوردستان رازی بن بە پێکەوەژیانی ئارزوومەندانە لەگەڵ عێراقدا، بەڵام کاتێك خەڵکی کوردستان بە رێژەی نزیکەی ٩٣٪ ئەو پێکەوەژیانە رەتبکاتەوە، ئەوا ئەو دەستوورە بۆ کوردستان هیچ ئیعتبارێکی نییە.

**لەسەرەتاوە خەریک بوو لایەنە عەرەبەکانی سوننەی عێراقیش لەناو ئەو هیستریایەی هاوپەیمانیی شیعەدا سەریان لێ بشێوێت و دوای سیاسەتی پۆپۆلیستانی شیعی دژی کوردستان بکەون، بەڵام باش بوو زوو تێگەیشتن، کێشەی عەرەبی سوننە لەگەڵ سیاسەتی مەزهەبگەرایی هاوپەیمانی شیعە لە کێشەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان گەورەترە**


**سەلیم جبوری نەچووە پرسەکەی باوکی بۆ ئەوەی بڕیارەکان دژی کوردستان پەسەند بکات، بەڵام بەشێک لە سەرکردەکانی عەرەبی سوننە زوو بە هۆش خۆیان هاتنەوە و بۆیان دەرکەوت ئەم خزمەتە بەلاشە لە پێناوی چی بکرێت بە خەڵات بۆ سیاسەتی شیعەگەرای عەبادی و مالیکی کە هەتا ئێستاش رێگەنادەن هاوولاتیەکی موسڵ بچێتە ناو بەغداوە، هەتا ئێستا بەچاوی نزم سەیری هاوولاتیانی ئەنبار و تکریت و دیالە و موسڵ دەکەن.**





دیندار دۆسکی سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# ریفراندۆم کوردستانی بردۆتە قۆناخێکی نوێ و جارێکی دیکە بارودۆخەکە بۆ پێش ئەنجامدانی ریفراندم ناگەڕێتەوە



**کوردستان دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ و بەرەو سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت و سەروەیی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەو ئیرادەیەی گەلی کوردستان لە پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستاندا پیشانی جیهانی دا، کاردانەوەی جۆراوجۆری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، لە عێراقیش کاردانەوەکانیان بە ئاستێك تووشی هیستریای کردوون کە پەنایان بۆ هەموو شتێك بردووە کە لە توانایاندا بووە، تەنانەت دەوڵەتی عێراق بۆ دژایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان پەنای بۆ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانیش بردووە بۆ ئەوەی سنوورەکانیان دابخەن و سزای خەڵکی کوردستان بدەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرۆسە چارەنووسسازەی سەربەخۆیی کوردستان و مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناخی دوای ریفراندۆم، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ دیندار دۆسکی سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستان و وەزیری پێشووی حکومەتی عێراق کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** وێڕای ئەو هەموو گوشارەی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ دواخستنی ریفراندۆم کرا، سەرەنجام خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوول ریفراندۆمی ئەنجامداو دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ریفراندۆم کوردستانی بردۆتە قۆناخێکی نوێ و ئایا سیمای ئەم قۆناخە نوێیە لە تێڕوانینی ئێوە چۆنە؟**

- ئامانج لە ریفراندۆم ئەوەیە کوردستان سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت، بەڵام راگەیاندنی سەربەخۆیی لەو هەلومەرجەی ئێستا کە بارودۆخی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، پێویستی بە هێوربوونەوەی کەفوکوڵی ئەو گەپ و هەڕەشانە هەیە کە لەدوای ریفراندۆم هاتوونەتەئاراوە، بەڵام بە قەناعەتی من ئەنجامدانی ریفراندۆم وەرچەرخانێکی گرنگ و گەورە بوو لە مێژووی ئێمەدا، ئەمە بۆ یەکەمین جارە بە درێژایی مێژووی رزگاریخوازی کوردستان، میللەتی ئێمە بتوانێت بە شێوەیەکی ئازادانە دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدات و بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، بۆیە ئەرکی گرنگ و گەورە ئەوە بوو ریفراندۆممان بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا، ئەمەش وەڵامدانەوەی ئەو شکستەی دەوڵەتی عێراق بوو کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە نەتوانرا لەسەر بنەمای هاوسەنگی و سازان و هاوبەشی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی بونیاد بنێن. کە ئەم سێ بنەما سەرەکییە پێشێل کران، ئەوا حکومەتی عێراق هەنگاوی بەرەو دەوڵەتێکی مەزهەبگەرای شیعە هەڵگرت، کە تەنیا یەك پێکهاتە کۆنتڕۆڵی تەواوی جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتەکەی کردووە، هەر بۆیە ریفراندۆم رەتکردنەوەی ئەم واقیعەی عێراق بوو لەلایەن گەلی کوردستانەوە، بە جیهانی راگەیاند عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووەو

**کەسایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ئێستادا هێما و رەمزە بۆ هەموو کوردستان، بۆیە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی سەرۆک بارزانی هەیە**

**چۆن هەتا ئێستا یەکێتی هێزێکی دیارو کاریگەر بووە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، دەبێت لەمەودواش هەروا بمێنێتەوە، لەم بوارەشدا سەرۆك بارزانی دەبێت رۆڵی براگەورە بگێڕێت، لەبەر ئەوەی ساڵانێکی دوورو درێژ هەر لەخەباتی پێشمەرگایەتی و پاشانیش لە راپەڕینەوە تا ئێستا پەیوەندییەکی گرنگی لەگەڵ مام جەلال و یەکێتی هەبووە، بۆیە دەبێت جەنابی سەرۆك هاوکاریان بێت بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە تێپەڕێنن**

**بەغدا ئەوەی لەدەستی هاتووە کردوویەتی و زیاد لەوەی بودجە و قووتی خەڵکی کوردستانیان بڕیوە، ئێستا بەجۆرێك تووشی هیستریا بوون کە خەریکە پەنا بۆ هەموو کارێکی نامرۆڤانە دەبەن، بۆیە ئەمە لەلایەکەوە خزمەتی دۆسیێەکەی ئێمە دەکات، لەبەر ئەوەی هەموو جیهان تێدەگات کە عێراق چیدی جێگەی پێکەوەژیانی تێدا نەماوە**

توانای پێکەوەژیانی تێدا نەماوە، ئەمەش گەوهەری ئەو وەرچەرخانەیە کە کوردستانی بردۆتە قۆناخێکی نوێ، واتە قۆناخی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم کە پشتیوان بەخوا بەرەو راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵبگرین. ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئاکامی ریفراندۆم کۆمەڵێك هەڕەشە و گوشاری لەلایەن عێراق و ئێران و تورکیا لەسەر کوردستان دروستکردووە، بەڵام ئامانجی ئێمە ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە رێگەی دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق باس لە پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوانمان بکەین، ئەمەش بەو مانایەی ئێمە ئەمجارە کە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەکەین، ناچین وەك جاران باس لە پرسی بودجە و مووچە و یاسای پەترۆڵ و ئەو شتانە بکەین، بەڵکو دەچین دیالۆگ و دانوستاندن دەکەین بەوەی ئایا کوردستان و عێراق وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ چۆن دەبنە دوو دراوسێی باش بۆ یەکتری. هەروەها چەندین پرسی پەیوەست بە هەردوولامان هەیە وەك پرسی سنوور، نەوت، ئاو و .. هتد، کە چۆن چارەسەری دەکەین، بۆیە ئەمە قۆناخێکی نوێیە و گەڕانەوە نییە بۆ دواوە، بەڵکو هەنگاوهەڵگرتنە بۆ پێشەوە. ئەم قۆناخە زۆر هەستیار و گرنگە دەبێت زۆر بە هێمنی و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتییانە بگەینە ئامانجێکی باش.

*** بە رای ئێوە پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ قۆناخی دوای ریفراندۆم بکرێت، هەروەها چەند گرنگە هەوڵبدەین کە قەناعەت بە دۆستەکانمان بکەین رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن؟**

- لێرەدا بە پێویستی دەزانم بگەڕێمەوە بۆ قۆناخی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، دیارە پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم گوشارێکی هێجگار زۆر گەورە لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرایە سەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم ریفراندۆمە لەکاتی خۆیدا نەکرێت و دوابخرێت، ئەم گوشارە گەورەیە لەبەر ئەوە بوو ئەگەر ریفراندۆمەکە ئەنجام بدرێت، ئەوا ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوا لەبەر ئەوەی بڕوایان بە پرەنسیپەکانی دیموکراتی هەیە و ریفراندۆمیش پرۆسەیەکی دیموکراتییە، ئەوا ناچار دەبن رێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن، بۆیە دەیانویست ریفراندۆم نەکرێت بۆ ئەوەی ئەوان دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئیحراج نەبن، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان سوور بوو لەسەر ئەوەی ریفراندۆم لەکاتی دیاریکراوی ئەنجام بدرێت و وەك بینیمان بە سەرکەتوویی ئەنجامدرا و نزیکەی ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی داوە، ئەوا ئێستا ناچارن رێز لەو دەنگانە بگرن، بەڵام ئەوەی عێراق داوای دەکات کە ئاکامی ئەم ریفراندۆمە هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەوا ئەمە کارێکی مەحاڵەو لەدەستی هیچ کەس و لایەنێکدا نەماوە و ناتوانن بڕیاری لەو جۆرە بدەن، لەبەر ئەوەی ریفراندۆم بۆتە پرسی گەلی کوردستان و بڕاوەتەوە، بۆیە هەر دیالۆگ و دانوستانێك لە نێوان کوردستان و عێراق ئەنجام بدرێت، دەبێت بێ مەرج و کراوە بێت و باس لە قۆناخی دوای ریفراندۆم بکرێت. سەبارەت بە دۆستەکانمان، ئێمە ئومێدمان ئەوەیە ئەوانیش وردە وردە هەڵوێستیان نەرم بێت و پشتیوانی لەم پرۆسەیە بکەن، لەبەر ئەوەی بمانەوێت، یان نەمانەوێت، ئێستا نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دیزاینێکی نوێ دەچێت، لەناو ئەم دیزاینە نوێیە نەخشەکە بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرێت کە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، بۆیە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە بکەن، لەم چوارچێوەیەدا گوشارەکانی بەغدا دژ بە کوردستان مەزندەکراو بوو، واتە پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە دوای ریفراندۆم بەغدا پەنا بۆ گوشار خستنە سەر کوردستان ببات، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا رووبەڕووی بارودۆخێکی تازە بوونەوە، لەلایەکی دیکەوە بەرەو هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرن، بۆیە لەماوەی ئەم ٥-٦ مانگەی دادێ، هیچ هێز و لایەنێکی شیعەی عێراق ئامادە نییە و ناتوانێت بەرپرسیارێتی سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق بگرێتە ئەستۆی خۆی، هەروەها دەوڵەتانی دراوسێش بەتایبەتی

تورکیا و ئێران ئەوانیش لەوانەیە زیاتر هانی حکومەتی عێراق بدەن کە گوشاری خۆیان دژی ئێمە زیاتر بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە گوشارەکانی بەغدا دژی کوردستان، سزادانی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان و کردەیەکی نامرۆڤانەیە، بۆیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم گوشار و هەڕەشانەی عێراق و تورکیا و ئێران، پێویستمان بەوەیە ئیرادەیەکی بەهێزمان هەبێت، هەموومان یەکدەنگ و یەك هەڵوێست بین بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە تێپەڕێنین.

*** ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، هەڵوێستی ئەمریکا بوو بەرامبەر ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆم، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر توندکردنی هەڵوێستی عێراق و ئێران و تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی هەڵوێستی ئەمریکایان دژ بە ریفراندۆم وەك پێدانی گڵۆپی سەوز بە عێراق و ئێران و تورکیا خوێندرایەوە، ئایا تاچەند پێویستە ئەمریکا بە زوویی هەڵەی خۆی راست بکاتەوە و رێگری لە هەڵکشانی هەڕەشەکانی عێراق و ئێران و تورکیا بۆ سەر کوردستان بکات؟**

- هەڵوێستی ئەمریکا لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەوەندە خراپ نییە کە بڵێین بە تەواوەتی پشتی تێکردووین، لەسەرەتاشدا ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی پرۆسەی ریفراندۆم نەبوون، بەڵکو دژی کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە بوون لەو بەروارەی کە بۆی دەستنیشان کرابوو، ئەمەش بەو بیانووەی کە تەرکیز لەسەر شەڕی دژی داعش کەم دەبێتەوە، یان عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات. بە بۆچوونی من رەنگە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان پێشبینی هەڵوێستێکی لەمجۆرەی ئەمریکای کردبێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش لایەنی باشی هەڵوێستی ئەمریکا لەدوای ریفراندۆم ئەوەیە کە هۆشداری داوەتە عێراق و تورکیا و ئێران کە هەوڵنەدەن بە شێوازی سەربازی چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن، بەڵکو هۆشداریی پێداون کە نابێت بیریشی لێ بکەنەوە، ئەم هۆشدارییە بۆ هەریەك لە عێراق و تورکیا و ئێرانیش بووە، ئەگەر ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا نەبوایە، لەوانەیە ئەو گەلەکۆمەکەی ئەو سێ دەوڵەتە لەسەرەتاوە دژی کوردستان کردیان بەو شێوەیەی ئێستا نەبوایە، بۆیە لە ئێستا گرنگە دیپلۆماسیەتی کوردستان کار لەسەر ئەوە بکات وردە وردە هەوڵبدات دەوڵەتان باشتر بێنە سەرخەت و مامەڵە لەگەڵ ئاکامی ریفراندۆمەکە بکەن. هەروەها هەوڵبدرێت دەوڵەتان ببنە ناوبژیوان لەنێوان هەولێر و بەغدا، لە ئێستاشدا ئەم هەوڵانە بەدەرکەوتوون، ئەوە فەرەنسا دەستپێشخەری کردووە بۆ ئەوەی ناوبژیوانی نێوان کوردستان و عێراق بکات، لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش هەردوو جێگری سەرۆك کۆمار ئەیاد عەلاوی و ئوسامە نوجێفی دەستپێشخەرییان کردووە، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هاتووە بۆ کوردستان، بۆیە من قەناعەتم وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەمریکاش دێتە سەرخەت و دەستپێشخەری دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ناوبژیوان لە عێراق و کوردستاندا.

*** بەرپرسانی عێراق لە هەڵوێستە توندەکانیان دژ بە کوردستان، باس لەوە دەکەن کە ئەوان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق ئەو هەڵوێستانە دەگرنەبەر، پرسیاری ئێمە لەوەدایە، ئایا بەغدا هیچ رێزێکی بۆ دەستوور هێشتۆتەوە، وا ئێستا لەسەر بنەمای دەستوور دەیەوێت سزای کوردستان بدات و هەڕەشە لە خەڵکەکەی بکات؟**

- هەڵوێستە توندەکانی بەغدا، هاشوهوشی دەنگ کۆکردنەوەیە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بۆیە هەتا ئەگەر گوشارەکان لەسەر بەغدا توندیش بن بۆ ئەوەی لەگەڵ کوردستان دەست بە دیالۆگ بکرێت، پێموایە هیچ هێز و لایەنێکی سیاسیی شیعە ناتوانێت دانوستاندن لەسەر ئاکامی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بکات، ئێستا لە بەغدا و باشووری عێراق ئەم بابەتە وەك پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەناو لایەنە شیعەکانی عێراقدا بەجۆرێك تەوزیف کراوە، هەر لایەنێك زیاتر دژایەتی کورد و کوردستان بکات، ئەو لایەنە لە شەقامی سیاسیی شیعەدا دەنگی زیاتر کۆدەکاتەوە، بۆیە شیعەکان لە روانگەی لۆژیك و بیرکردنەوەی دروستەوە سەیری ئەم واقیعە تازەیە ناکەن، بەڵکو لە روانگەی کۆکردنەوەی دەنگ مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بۆیە چەند لە

**لایەنێکی وەک دەوڵەتی یاسا زۆر دەمێکە ئامادەباشی ئەوەی کردووە کە دژی هەموو شتێکی کوردستان بێت، ئەوجا ئێستا تورکیا و ئێرانیش هانیان دەدەن، لەژێر پەردەی ئەو پڕوپاگەندەی دەڵێن، ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان پرۆژەیەکی ئەمریکی ئیسرائیلییە و دەیانەوێت ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەبەردەم هاووڵاتیانی خۆیان بشێوێنن**

**ئەگەر دەستتێوەردانێکی نێودەوڵەتی، یان ئەمریکی نەبێت بۆ ئەوەی ئەو سزایانەی بەغدا لەسەر کوردستان هەڵبگرێت، ئەوا هەتا هەڵبژاردنەکانی نیسانی داهاتووی ٢٠١٨ ئەم بارودۆخە هەر بەم شێوەیە دەبێت و تورکیا و ئێرانیش زیاتر هانیان دەدەن بۆ ئەوەی گوشارەکانیان دژی کوردستان زیاتر بکەن**

**هەڵوێستی ئەمریکا لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەوەندە خراپ نییە کە بڵێین بە تەواوەتی پشتی تێکردووین، لەسەرەتاشدا ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی پرۆسەی ریفراندۆم نەبوون، بەڵکو دژی کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە بوون**

**گوشارەکانی بەغدا دژی کوردستان، سزادانی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان و کردەیەکی نامرۆڤانەیە، بۆیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم گوشار و هەڕەشانەی عێراق و تورکیا و ئێران، پێویستمان بەوەیە ئیرادەیەکی بەهێزمان هەبێت، هەموومان یەکدەنگ و یەک هەڵوێست بین بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە تێپەڕێنین**

**لەبەر ئەوەی ریفراندۆم بۆتە پرسی گەلی کوردستان و بڕاوەتەوە، بۆیە هەر دیالۆگ و دانوستانێک لە نێوان کوردستان و عێراق ئەنجام بدرێت، دەبێت بێ مەرج و کراوە بێت و باس لە قۆناخی دوای ریفراندۆم بکرێت**

هەڵبژاردنەکان نزیکتر ببنەوە، هەڵوێستەکانیان رۆژ لەدوای رۆژ توندتر دەبێت.

*** ئایا پێتوایە ئەم هەڵوێستە نادروستەی بەغدا تاکەی بەردەوام دەبێت؟**

- بە بۆچوونی من ئەگەر دەستتێوەردانێکی نێودەوڵەتی، یان ئەمریکی نەبێت بۆ ئەوەی ئەو سزایانەی بەغدا لەسەر کوردستان هەڵبگرێت، ئەوا هەتا هەڵبژاردنەکانی نیسانی داهاتووی ٢٠١٨ ئەم بارودۆخە هەر بەم شێوەیە دەبێت و تورکیا و ئێرانیش زیاتر هانیان دەدەن بۆ ئەوەی گوشارەکانیان دژی کوردستان زیاتر بکەن، لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعە، لایەنێکی وەك دەوڵەتی یاسا زۆر پێشتر هەڵوێستی زۆر خراپی دژی هەرێمی کوردستان پیادە کردووە، هەروەك چۆن لە ٢٠١٤ بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانیان بڕی، ئەمەش مانای ئەوەیە لایەنێکی وەك دەوڵەتی یاسا زۆر دەمێکە ئامادەباشی ئەوەی کردووە کە دژی هەموو شتێکی کوردستان بێت، ئەوجا ئێستا تورکیا و ئێرانیش هانیان دەدەن، لەژێر پەردەی ئەو پڕوپاگەندەی دەڵێن، ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان پرۆژەیەکی ئەمریکی ئیسرائیلیە و دەیانەوێت ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەبەردەم هاووڵاتیانی خۆیان بشێوێنن، ئەوجا لەبەرامبەر ئەو گوشارانە وە نەبێت ئێمەش وەك کوردستان کارتی گوشارمان نەبێت کە دژی ئەوان بەکاری بهێنین، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەمە تێدەگات و سیاسەتی لەم قۆناخە بەو جۆرەیە ئەو کاردانەوانە هێوربکاتەوە، بۆیە خیتابی کوردستانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە خیتابێکی لۆژیکی و ئاقڵانەیە، دەیەوێت زەمینەیەك دروست بکات ئەم ئامانجە گەورەیەی ریفراندۆم بە شێوازێکی ئاشتییانە بگەیەنێتە دواکەناری ئارامی خۆی. ئەوەی لەم قۆناخەدا گرنگ بوو گەلی کوردستان لە کاتی خۆیدا ریفراندۆمی کرد، ئێستاش کە جیهان ئەم کاردانەوە هیستریانەی پەرلەمان و حکومەتی عێراق بەرامبەر کوردستان دەبینن، لەوە تێدەگەن کوردستان چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت و چۆن ئامانجی ئەوەیە بە شێوازێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکات، لەبەرامبەردا بەغدا ئەوەی لەدەستی هاتووە کردوویەتی و زیاد لەوەی بودجە و قووتی خەڵکی کوردستانیان بڕیوە، ئێستا بەجۆرێك تووشی هیستریا بوون کە خەریکە پەنا بۆ هەموو کارێکی نامرۆڤانە دەبەن، بۆیە ئەمە لەلایەکەوە خزمەتی دۆسیێیەکەی ئێمە دەکات، لەبەر ئەوەی هەموو جیهان تێدەگات کە عێراق چیدی جێگەی پێکەوەژیانی تێدا نەماوە، هەروەها تێدەگەن کە ئەو فیدرڕاڵییەتەی بەغدا پیادەی دەکات، ناتوانێت گەلی کوردستان بپارێزێت، لەمەش خراپتر حکومەتی عێراق بۆ سزادانی بەشێك لە گەلەکەی پەنا دەباتە بەر هەر دوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران بۆ ئەوەی سزایان بدات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دەستوورەی عێراق باسی دەکات، بەو دەستوورە گەلی کوردستان ناپارێزرێت و دەبێت جیهان رێز لە بڕیاری گەلی کوردستان بگرێت کە هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵدەگرێت.

*** مەراسیمی بەخاك سپاردنی سەرۆك تاڵەبانی بووە یەکێك لە رووداوەکانی دوای ریفراندۆم، بەتایبەتی کە مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بوو، بەڵام تەرمەکەی بە ئاڵای کوردستان پێچرابوو، ئەمەش دیسان هاتوهاوارێکی زۆری لەلایەن عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە لێکەوتەوە و بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوت عەرەبی عێراق چەند رقێکی قووڵیان بەرامبەر ئاڵا و خەڵکی کوردستان هەیە، تاچەند گرنگە ئەم بۆنەی کۆچی مام جەلال بکرێتە هەوێنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نێوماڵی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنین؟**

- بەڕێز مام جەلال لەگەڵ ئەوەی لە دوای نەخۆشکەوتنەکەی رۆڵی لە پرۆسەی سیاسیدا نەمابوو، بەڵام وەك کەسایەتییەکی دیاری ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بوونی مام جەلال شتێکی گەورە بوو، ماڵئاواییکردنەکەشی لەم بارودۆخەدا خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، پێشتریش غیابی مام جەلال لەبەغدا بە راشکاوی کاریگەرییەکانی دیاربوو، بەڵام دوای نەخۆشکەوتنی ئەو تەوافقە سیاسییەی لە نێوان هێزەکانی عێراق بوونی هەبوو، زۆر لاواز بوو تێکچوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو مام جەلال بە کەسایەتی و مێژووی خۆی کاریگەری لەسەر پاراستنی ئەو تەوافقە

هەبوو، بۆیە بۆ ئێمە وەك گەلی كوردستان خاڵی بەهێزمان بەرامبەر كێشە نیشتمانییەكان، یەكڕیزی و یەكدەنگی و یەكهەڵوێستیمانە، بێگومان ریفراندۆم و سەربەخۆییش پرسێكی نیشتمانییە، گەلی كوردستان نزیكەی ١٠٠ ساڵە خەبات دەكات و بە هەزاران رۆڵەی ئەم وڵاتە شەهید بوون و رووبەڕووی كارەساتی ژینۆسایدو ئەنفال و كیمیاباران بوونەوە، ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئەوە بووە سەربەخۆ بین و خاوەنی كیانی خۆمان بین، ئەم ئاواتەی گەلەكەمان لەسەر هەموو لایەكمان فەرزی دەكات كێشە و ناكۆكییە سیاسییەكانی ناوخۆمان تێپەڕێنین، هەتا ئەم ئامانجە دێتەدی، دەكرێت دوای بەدیهاتنی ئەم ئامانجە كێشە سیاسییەكانیشمان چارەسەر بكەین.

دەبێت ئاگادار و هۆشیار بین كە دوژمنەكانمان هەموو هەوڵێكیان بۆ ئەوەیە كە درز و كەلێن بخەنە نێو یەكڕیزی و یەكهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان، بۆیە دەبێت بوار بە مەرامی دوژمنان نەدەین و یەكڕیزیی خۆمان بپارێزین، بێگومان كۆچی دوایی مام جەلال یەكڕیزییەكی گەورەی پیشان دا، لەگەڵ ئەوەی ئەمەیان زیاتر پەیوەندی بەلایەنی سۆزدارییەوە هەیە، بەڵام میللەتی ئێمەش بەشێكە لە میللەتانی رۆژهەڵات و سۆزداری كاریگەری زۆری هەیە، بۆیە كاریگەری ئەو بۆنەیە بووە هۆكاری ئەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان پێكەوە كۆببنەوە، ئەمەش خزمەتێكی باشی بە یەكڕیزی كرد، بۆ ئێستا مەسەلەكە لەوە دەرچووە كە پرسی ریفراندۆم پەیوەندی بە كەسێك، یان لایەنێكی سیاسیی دیاریكراوەوە هەبێت، ئەم پرسە بۆتە پرسی خەڵك و ٩٣٪ خەڵكی كوردستان دەنگی پێداوە، بۆیە لەم پرسەدا كاتێك هەر لایەنێكی سیاسی بەرگری لەم واقیعە دەكات، رێز لە ئیرادەی ئەو رێژە بەرزەی خەڵكی كوردستان دەگرێت كە دەنگی بەسەربەخۆیی داوە.

*** لە دوای كۆچی مام جەلال، بێگومان پرۆسەی سیاسی لە كوردستان پێویستی بە دووبارە رێكخستنەوە دەبێت، بەتایبەتی كە یەكێتی نیشتمانی كوردستان دوای مام جەلال پێویستی بە دووبارە رێكخستنەوە هەیە، ئەمەش ئەركێكی قورستر دەخاتە سەر شانی سەرۆك بارزانی، ئایا بە رای تۆ دەبێت بارزانی چی بكات بۆ ئەوەی ئەركە قورسەكەی تاڵەبانیش لەم قۆناخەدا هەڵبگرێت؟**

- كەسایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی لە ئێستادا هێما و رەمزە بۆ هەموو كوردستان، بۆیە هەموو لایەنە سیاسییەكان پێویستیان بە هاوكاری و یارمەتی سەرۆك بارزانی هەیە، سەبارەت بە یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش بێگومان كۆچی دوایی مام جەلال كاریگەری دەبێت لەسەری، بەڵام پێویستە یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی چۆن هەتا ئێستا یەكێتی هێزێكی دیارو كاریگەر بووە لە گۆڕەپانی سیاسیی كوردستاندا، دەبێت لەمەودواش هەروا بمێنێتەوە، لەم بوارەشدا سەرۆك بارزانی دەبێت رۆڵی براگەورە بگێڕێت، لەبەر ئەوەی ساڵانێكی دوورو درێژ هەر لەخەباتی پێشمەرگایەتی و پاشانیش لە راپەڕینەوە تا ئێستا پەیوەندییەكی گرنگی لەگەڵ مام جەلال و یەكێتی هەبووە، بۆیە دەبێت جەنابی سەرۆك هاوكاریان بێت بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە تێپەڕێنن، یەكێتی نیشتمانی وەك حزبێكی مۆدێرن لەسەردەمی مام جەلالیشدا كێشەی خۆی هەبووە و بیروبۆچوونی جیاواز لە ناویاندا هەبووە، ئەوكات مام جەلال فاكتەری سەرەكی چارەسەركردنی كێشەكان و كۆكەرەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەكان بوون، لەدوای مام جەلال پۆلێك لە سەركردەی زۆر باش لە ناو یەكێتی هەن كە وەفادارن بۆ مام جەلال، بەڵام دیسان پێویستە یارمەتی بدرێن، بەتایبەتی لەلایەن جەنابی سەرۆكەوە كە لەلای سەكردایەتی یەكێتی رێز و سەنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش گرنگە بۆ ئەوەی بە هاوكاریی سەرۆك بارزانی بتوانن جیاوازییەكانی خۆیان كۆبكەنەوە، ئێستا قۆناخەكەمان زۆر هەستیارە و پێویستمان بە یەكڕیزی و یەكهەڵوێستیی هەموو لایەنە سیاسییەكان بەگشتی و یەكڕیزی و یەكهەڵوێستیی نێوان پارتی و یەكێتی بەتایبەتی هەیە، زۆر گرنگە یەكێتی هەر هێزە دیار و كاریگەرەكەی ناو پرۆسەی سیاسیی كوردستان بێت، لەمەدا پێویستە رۆڵی سەرۆك بارزانی دیار بێت.

**ئەمریكا و دەوڵەتانی رۆژئاوا لەبەر ئەوەی بڕوایان بە پرەنسیپەكانی دیموكراتی هەیە و ریفراندۆمیش پرۆسەیەكی دیموكراتییە، ئەوا ناچار دەبن رێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵكی كوردستان بگرن، بۆیە دەیانویست ریفراندۆم نەكرێت بۆ ئەوەی ئەوان دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئیحراج نەبن**

**ئەركی گرنگ و گەورە ئەوە بوو ریفراندۆممان بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا، ئەمەش وەڵامدانەوەی ئەو شكستەی دەوڵەتی عێراق بوو كە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە نەتوانرا لەسەر بنەمای هاوسەنگی و سازان و هاوبەشی دەوڵەتێكی فیدراڵی و دیموكراتی بونیاد بنێن**

**راگەیاندنی سەربەخۆیی لەو هەلومەرجەی ئێستا كە بارودۆخی كوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، پێویستی بە هێوربوونەوەی كەفوكوڵی ئەو گەپ و هەڕەشانە هەیە كە لەدوای ریفراندۆم هاتوونەتەئاراوە**

# کورد لە بەردەم "گەلەکۆمەکییەکی چوار قۆڵیدا"

کوردی عێراق ریفراندۆمێکی سەربەرزانە و بێ کێشە و گرفتی لە ٢٥ی ئەیلوولدا ئەنجامدا، کە رێسا دیموکراتییەکانی دەنگدانی تێدا پیادە کرا. بەڵام هەنگاوی دواتریان راگەیاندنی سەربەخۆیی نەبوو کە مافێکی خۆیانە و پەیماننامەکان سەدەیەك پێش ئێستا بەڵێنی پێدابوون.

سەرۆك مسعود بارزانی- کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بوو لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوادا لە دژی داعش دەجەنگا- ئەم خاڵە گرنگەی خستەڕوو: بە تێڕوانینی ئەو، سەربەخۆیی تەنیا دوای ئارامگرتن و بەردەوامبوون و رەنگە گفتوگۆیەکی دووردرێژ لەگەڵ بەغدادا بێتەدی. لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە راستەوخۆ تووڕەیی خۆیان لەبەرامبەر ئەو و گەلەکەیدا دەربڕی. هەر لەگەڵ راگەیاندنی دەرئەنجامەکاندا، پێشبڕکێیەك دروست بوو بۆ ئەوەی کێ زیاتر هەڵدەستێت بە سەرزەنشتکردن و گەمارۆدان و ئابلۆقەدان و گۆشەگیرکردنی دانیشتووانی هەرێمێك کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە گوزارشتیان لە خواستی خۆیان کردووە بۆ ئەوەی ئازاد بن و وەك دوورگەیەکی دیموکراسی و ئاشتی گەشە بکەن.

عێراق کە بڕیارە دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، لەم چەند ساڵانەی دواییدا هیچ یەکێك لە ئیلیتزاماتە دەستوورییەکانی جێبەجێ نەکردووە لە بەرامبەر کورددا، لەگەڵ ئەوەشدا بوێری ئەوە بەخۆی دەدات کە بە ریفراندۆمەکە بڵێت نادەستووری! تورکیاش، کە سەروەری یاسای پێشێل کردووە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ رۆشنبیران، رۆژنامەنوسان، پارێزەران، موعارەزەکان و داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤدا- پاساوی ئەوە بۆ هێرشەکەی دەهێنێتەوە کە گوایە کورد پێشێلکارییەکی یاساییان کردووە کاتێك گوزارشتیان لە خواستی خۆیان کردووە بۆ ئەوەی بە ئاشتییانە سەربەخۆیی بەدەست بهێنن.

عێراق کە بڕیارە دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، لەم چەند ساڵانەی دواییدا هیچ یەکێک لە ئیلیتزاماتە دەستوورییەکانی جێبەجێ نەکردووە لە بەرامبەر کورددا، لەگەڵ ئەوەشدا بوێری ئەوە بەخۆی دەدات کە بە ریفراندۆمەکە بڵێت نادەستووری

ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، کە بۆ ماوەیەکی کاتی ناکۆکی شیعە-شیعەی هەڵپەساردووە، زۆر بە پەلە پێویستی بە هاپەیمانێتییەك بوو لەگەڵ تورکیادا کە بواری پێبدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەونی کوردی وڵاتەکەیدا.

هەروەها رژێمی سووریاش، بکوژی گەلەکەی خۆی و دابەشکاری نەتەوەکەی خۆی، ئێستا دێت و باسی یەکێتی عێراق دەکات و رایدەگەیەنێت کە ریفراندۆمەکەی کوردستان «قابیلی قبووڵ نییە»!

چەند ساڵێك پێش ئێستا دەستەواژەی گرووپی چوارقۆڵی بۆ ئەو کۆمەڵە سەرکردەیە داتاشرا کە باوەڕیان وابوو شۆڕشی چینی هێشتا وەك پێویست رۆڵەکانی نەکردۆتە قوربانی و بەو پێیە دەبێت کوشتارەکە بەردەوام بێت. ئێستاش ئێمە گروپێکی چوار کەسیمان هەیە کە پێکهاتووە لە حەیدەر ئەل عەبادی، رەجەب تەیب ئەردۆغان، بەشار ئەل ئەسەد و عەلی خامنەیی، کە هەر یەکەیان بە رێگەی تایبەتی هەڕەشەی سەپاندنی گەمارۆ و داخستنی سنووری وشکانی و ئابلۆقەی نەوت و دەستتێوەردانی سەربازی دەکەن، ئەی چەندی دیکەی پێدەچێت گوێمان



## نووسینی: بێرنارد هێنری لیڤی

**لە سایتی ووڵ ستریت جۆرناڵ بڵاو کراوەتەوە**

لە هەڕەشەی هەڵساندنی رووباری خوێن دەبێت؟

جێی داخە بۆ هەموومان، کاتێك کورد- کە پێشتر رووبەڕووی هەڕەشە بۆتەوە، بەڵام نەك گروپێکی چوار قووڵی هەڕەشەی وجوودی لێبکات- داوای هاوکاری دەکات و، جیهان کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، هیچ شتێکی نییە بۆ وتن و چاوی خۆی دادەخات و هەڵوێستی دەخاتە پاڵ هەڵوێستی دیکتاتۆرەکان. تەنیا باس باسی پێشمەرگە بوو، کاتێك ئێمە پێویستمان پێیان بوو بۆ شەڕکردن لە دژی داعش. بەڵام لە ئێستادا کە خەریکە شەڕەکە لە عێراقدا کۆتایی دێت، ئێمە پشتیان تێدەکەین و وەك ئەوەی هاوپەیمانێك بن کە قابیلی ئەوە بن دەستیان لێهەڵگرین.

راستە، سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆن باسی لە مافەکانی گەلی کورد کرد، کاتێك سەرۆك وەزیرانی عێراق عەبادی سەردانی پاریسی کرد. بەڕێز ماکرۆن رایگەیاند کە کورد بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژە دۆستی فەڕەنسایە.

بەڵام ئەوە بەس نییە. لە غیابی هۆشدارییەکی جددیدا بۆ ئەو گروپە چوار قۆڵییە- واتە بە بێ ئەوەی بە روونی بیریان بخرێتەوە کە تەنیا لایەنێك هەبێت بارودۆخەکەی بەرەو هەڵکشان بردبێت، ئەوانن، هەروەها بە بێ دووپاتکردنەوەی پرەنسیپە مەزنەکان کە بوونەتە بناغەی یاسایی نێودەوڵەتی و ئەخلاقیەتی جیهانی- ئەوا رەنگە هێشتا بارودۆخی خراپترمان لە پێش بێت.

سەختە بۆ فەڕەنسا، بە بێ ئەمریکا، هەڵبستێت بە ئەنجامدانی شەڕێك لە پێناوی سەربەرزی و شەرەفمەندی و بەرژەوەندییە گەورەکانی دیموکراسیەتدا. ئەی باشە ئەوان لەم ناوچەیەدا پێویستیان بە هاوپەیمانێك نییە کە گیان و ئیرادەیەکی وەك کوردی هەبێت؟

کەواتە ئایا ئێمە رووبەڕووی دۆخێکی هاوشێوەی رازیکردنەکەی میونیخ بووینەتەوە؟ ئایا ئێمە باوەڕمان وایە کە هێز لای کێ بێت، هەقیش لای ئەوە؟ ئایا ئێمە ملکەچی ئەوانە دەبین کە هەڕشە دەکەن؟ ئایا رۆژئاوا -بەتایبەتی ئەمریکا- هەڵەیەکی گەورە ناکەن کاتێك ئەو راستییە نادیدە دەگرن کە پشتکردنە هاوپەیمانێکی بوێر و دڵسۆز لە بەرژەوەندیی رکابەرکانیدا جۆرە خۆکوژییەکی تێدایە؟

یاخود مەسەلەکە ئەوەیە کە گەلی کورد کە عەرەب نییە و عەلمانین و باوەڕیان بە دیموکراسیەتی فرەیی هەیەو مافی یەکسان بۆ ئافرەتان دەستەبەر دەکەن و بەردەوام پارێزگاری لە کەمینەکان دەکەن و داڵدەیان دەدەن، یەکێکە لەو گەلانەی جیهان کە قابیلی پشتتێکردنە؟

لە راستیدا تەنیا یەك چارەسەر هەیە: کە گوزارشت لە دیدی خۆمان بکەین و بە هێمنی، بەڵام بە پێداگیرییەوە بڵێین کە شتێکی بێمانا لە ئارادایە کاتێك رێگا دەدەین رژێمە تۆتالیتارییەکان مافە دەستوورییەکانی ئەو گەلە پێشێل بکات کە تا دوێنی لەژێر داپڵۆسینی ئەواندا بوو، هەروەها دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە دەسەڵاتدارانی عێراق بە بێ دواکەوتن و بێ مەرجی پێشوەختە دەست درێژ بکەن بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی کە کورد بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ خستوویەتەڕوو.

**کوردی عێراق ریفراندۆمێکی سەربەرزانە و بێ کێشە و گرفتی لە ٢٥ی ئەیلوولدا ئەنجامدا، کە رێسا دیموکراتییەکانی دەنگدانی تێدا پیادە کرا. بەڵام هەنگاوی دواتریان راگەیاندنی سەربەخۆیی نەبوو کە مافێکی خۆیانە و پەیماننامەکان سەدەیەک پێش ئێستا بەڵێنی پێدابوون**



**دکتۆر سیروان کەرکووکی**
**پەرلەمانتاری پێشووی عێراق بۆ گوڵان:**

# لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم خەڵکی کەرکووک هەست بە دڵنیایی زیاتر دەکات و بە ورەیەکی بەرزەوە بەرگری لە شارەکەی دەکات

**پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و ئەوە وەرچەرخانە مێژووییەی دروستی کردووە، ئەگەر لە لایەکەوە دژایەتی نارەوای حوکمڕانیی عێراق و هەوڵی دروستکردنی گەلەکۆمەکی لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە زەق کردووتەوە، ئەوا لە لایەکی دیکەوە ئومێدێکی گەشی بە کوردستانییان بەگشتی و دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەخشیوە، بەوەی کە توانییان لەو پرۆسە مێژووییەدا بەشداری بکەن، کە چارەنووسی خۆیان و جیلەکانی داهاتووی کوردستان دیاری دەکات. ئەو ناچانە بە خوێنی گەشی پێشمەرگەی قارەمان و نەبەرد رزگار کراوە و تا ئێستاش لەسەر دەستی پێشمەرگەی داعش بەزێن پارێزراون. ئەو رووداوانەو هەوڵەکانی بەغدا بۆ نزیکبوونەوە، یان داگیرکردنەوەی کەرکووك، هەروەها چەند پرسێکی هەنوکەیی تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ د. سیروان کەرکووکی کەسایەتی ئەکادیمی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق پێکدەهێنن.**

*** لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و بەشداریی کەرکووك لەو ریفراندۆمە، ئێستا کەرکووك کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی حەشدی شەعبی، ئایا ئیرادە و ورەی کەرکووکییان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی دوژمنانی کوردستان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم قۆناخێکی نوێ لە سەرتاسەری کوردستان دەستی پێکردووە، بێگومان ئەم قۆناخە نوێیە لە کەرکووکیش هەستی پێدەکرێت و کەرکووکییەکان هەست بە ئومێد و جۆش و خرۆشێکی گەورە دەکەن، پێشتر کەرکووکییەکان لەوە نیگەران بوون، بۆچی ئێدارەی هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێك بۆ کەرکووك هەڵناگرێت، بەڵام پاش ئەوەی کەرکووك بەشداری ریفراندۆمی کرد و بە (بەڵی) دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، ئەوا ئێستا هەست بە قۆناخێکی نوێ دەکەن و زیاتر ورەیان بەرزە و ئامادەباشن بۆ ئەوەی بەرگری لە شارەکەی خۆیان بکەن، بەڵام خۆ دەبێت لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەو لایەنانەی ئەمڕۆ لە شاری کەرکووك گەمەی سیاسی دەکەن، ئیلهام لە ورەی بەرزی خەڵکی کەرکووك وەربگرن، خەڵك رۆحییەتی فیداکاری و داکۆکیکاری لە دەستکەوتەکانی کوردستانی تێدایە، بەتایبەتی داکۆکیکردن لە ریفراندۆم کە باشترین دەستکەوتی مێژوویی کوردستانە.

*** ئایا پێتوایە لایەنە سیاسییەکان لەئاست بەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخەدا نین؟ بەتایبەتی لە کەرکووکدا کە ئێستا پێویستە پاراستنی کەرکووك لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بێت؟**

- ئەگەر سەیری شاشەی تیڤییەکان بکەین، هەست بەم نیگەرانییە دەکەین کە من باسم لێوە کرد، هەندێك لە کادری حزبەکان، یان کە وەك نوێنەری حزبێکی دیاریکراو سەیر دەکرێت، کاتێك بۆ راگەیاندنەکان قسە دەکات، دەیەوێت قسەو لێدوانەکانی بە ئاراستەیەکدا بەرێت، بۆ ئەوەی ورەی خەڵکی برووخێنێت و جەماوەر تووشی شۆك و نائومێدی بکات، کە لە راستیدا دۆخەکە بەو شێوەیە نییە. هەر بۆیە لەم بارودۆخەدا ئەرکی کەناڵەکانی راگەیاندن قورستر و گرنگتر دەبێت، بەتایبەتی لەم دۆخەدا کە کوردستان رووبەڕووی هەڕەشەیەکی ترسناك بووەتەوە، لە ناوخۆی عێراق و هەروەها لە لایەن وڵاتانی ئێران و تورکیاوە، بەتایبەتی کە زۆر مەزهەبگەران و شۆڤێنییانە بیردەکەنەوە، ئەوەتا حەشدی شەعبی مەترسییەکی تەواوی لەسەر خەڵکی شاری کەرکووك و ئاڵۆزبوونی دۆخەکە دروست کردووە، هەربۆیە دەبێت راگەیاندن لەئاست بەرپرسیارێتی دۆخەکەدا بێت، نابێت دۆخەکە بە رادەیەك بشێوێنن کە خوانەخواستە خەڵکی بترسێنن، من لەو باوەڕەدام خەڵکانێك هەیە تێکچوونی دۆخەکەی بێ خۆشە، تەنیا لەبەر ئەوەی بڵێت من نەموت بارودۆخەکە

**دکتۆر نەجمەدین حزبایەتی تێدا نابینم، یەک دەست لەگەڵ پارتی و حزبەکانی دیکە دەیانەوێ خزمەت بە شارەکە بکەن. هەر بۆیە من دەڵێم مانەوەی دکتۆر نەجمەدین تا ئەو کاتەی کەرکووک رزگاری دەبێ و بە تەواوەتی دەچەسپێت لەسەر هەرێمی کوردستان پێویستە**

**لە نەتەوە یەکگرتووەکان میساقە هەیە کە ئەو دەوڵەتانە مافی چارەی خۆنووسینیان داوەتە دەست نەتەوەکانیان و واژۆیان کردووە و دەبێ رێز لە واژۆکانیان بگرن، کەواتە زلهێزەکان ناتوانن دژی ئیرادەی گەلی کورد بن**

**بەغدا بۆ خۆی بەهەڵەدا چووە، کەسیش جورئەت ناکات، بڵێ ئەم بڕیارە هی کەسێکە، یان هی حزبەکانە، ئەوە بڕیاری گەلی کوردستانە، تەنیا بڕیاری کاک مسعود بارزانی و حزبەکان نییە، ئێستا لەدەست ئەوان دەرچووە و میللەت سەرکردایەتیی ئەو ریفراندۆمە دەکات، ئەوەشی بیەوێ پاشگەز ببێتەوە، خۆکوشتنی سیاسییە**

**ئەوانە لەو هەڵوێستە نەرمەی بارزانی تێناگەن، لەبەر ئەوەی پیاوی ئازا ئەوەیە کە بە زوویی بڕیار نەدا و هێمن و دانایی هەبێت، ئەم داناییە لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەبینم**

وا تێکدەچێت و ئاڵۆز دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا دەبوایە باسی سەربەخۆیی و دەوڵەتی بکرادیە و داکۆکی لەمافە رەواکانی نەتەوەکەی بکردایە.

*** بەڵام بە بەردەوام دەوڵەتانی داگیرکەر، کاریان لەسەر تێکدانی نێوماڵی کورد کردووەو لەمەشدا سوودیان لە نانەوەی دووبەرەکی و راکێشانی گروپ و لایەنی سیاسی کردووە بۆ ئەوەی وەکو تابووری پێنجەم لەناوخۆی کوردستان درز بخەنە ناو ئەو یەکڕیزی و یەکدەنگییەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا دەبینرێت، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- ئەو فیتنەو دووبەرەکییە دروست کراوە و بە سەرنجێك بۆ لێدوانەکانی ئەو کەسانەی ئەمڕۆ دێنە سەر شاشەی تیڤییەکان بەئاشکرا ئەو کەسانە دەناسیتەوە کە رۆڵی تێکدانی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد دەبینن، بەڵام لێرەدا رۆڵی ئەو تیڤی و کەناڵانەی راگەیاندن دەردەکەون کە پێویستە ئەوان رێگە نەدەن بەو جۆرە لێدوان و قسانەو سانسۆر لەسەر هەندێك دەستەواژەو قسە دابنێن کە زیانی بۆ سەر یەکڕیزی نێوماڵی کورد هەیە، دەبێت پێشکەشکارو پەیامنێرەکە ئەو کەسانە شەرمەزار بکەن، نەك وەکو ئێستا رۆژنامەنووسانێکمان هەیە دەیانەوێت قسە لەو جۆرە کەسانە دەربهێنن بۆ ئەوەی هەر زوو بەهەواڵێکی بەپەلە بیداتەوە بە گوێی خەڵکیداو کاریگەری لەسەر دابەزینی وەرەی جەماوەر بکات.

*** کە باسی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد دەکرێت، کۆڵەکە سەرەکییەکەی (پارتی و یەکێتی)یە، ئەگەر ئەم دوو هێزە یەکگرتوو بن، ئەوانی دیکەش هاودەنگیان دەبن؛ لە مەترسییەکانی سەرەتای ئەم هەفتەیەشدا کە لەسەر کەرکووك هەبوو، هەستمان بەو یەکڕیزییە کرد، پرسیار ئەوەیە ئایا پێتوایە مەترسییەك لەسەر ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە هەیە؟**

- من ئومێدم وایە و داوا دەکەم ئەو رۆحییەتەی یەکڕیزی و یەکدەنگییەی نێوان پارتی و یەکێتی بمێنێت و بگرە زیاتریشی بکەن، چونکە خەڵکی بەرامبەر لێدوان و قسەکانی تاکە تاکەی هەندێك بەرپرس و کەسایەتی ناو حزبەکان بێزارە، ئەوەی کەمێك شارەزایی لە سیاسەت و چاودێری دۆخەکەی هەبێت، بەئاشکرا درك بەو نەفەسە و کوتلەکارییە دەکات، بۆ نموونە لەم دۆخ و ساتەدا پێویست ناکات دوو بەرپرسی ناو حزبێك کە سەر بەدوو کوتلەی جیاوازن دژی یەکتر لێدوان و قسە بدەن، تەنانەت نابێت رێگا بەوەش بدرێت بۆ نموونە کەسێك نەیارێکی یەکێتییە دەیەوێت قسەیەکی هەڵە بکات، هەربۆیە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی و بەرپرسانمان لەو ئاستە بەرزەدا بن کە بتوانن رووبەڕووی هێرشی حەشدی شەعبی ببنەوەو لەناوخۆشدا ئاگادار بن راگەیاندنەکانیان بەهەستیاری و بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن. من گەشبینم کە کوردستان بەم بارودۆخەشدا تێپەڕ دەبێت، هەروەکو چۆن ئێمەیان لە ریفراندۆم و دەنگدان بەسەربەخۆیی ترسان، بەڵام ئیرادەی گەلی کوردستان سەرکەوت، هەرواش ئەمە بارودۆخێکی نوێیە و ئێمە دەمانەوێت ببینە خاوەن دەوڵەت، خۆ دەوڵەت بوون لەسەر سینیەکی زێڕ بۆمانی ناهێنن، بەڵکو دوژمنەکانمان لەسەر ئەو فاکتەرانە کاردەکەن کە پەشیمانمان بکەنەوە، من دڵنیایی بەخەڵکی کوردستان دەدەم کە جەماوەری کوردستان سەربەخۆیی و دەوڵەتی دەوێت و دەبێت سەرکردایەتیی سیاسی و بەرپرسەکانیشمان لەو ئاستەدا بن کە داکۆکی لە ئومێدو هیوای جەماوەرەکەیان بکەن و ئیلهامی لێوەربگرن.

*** ساڵی رابردوو هەر لەم مانگەدا داعش هێرشی بۆ کەرکووك بردو ویستی کەرکووك بگرێت، بەڵام وەرەی گەنجەکانی کەرکووك وەرەی بە کوردستانیش بەخشی، پێتوایە ئەمجارەش هەروا دەبێت؟**

- وەرەو گڕوتینی گەنجەکانی کەرکووك ئەمڕۆ زۆر زیاترە لەو کاتەی داعش هاتوو ویستی کەرکووك بگرێت، چونکە ئەمڕۆ خەڵکی کەرکووك وەرەی بۆ دروست بووە، ئەو کات وەرەی بە سەرکردایەتی سیاسی بەو شێوە بەرزەی ئێستا نەبوو، کاتێك سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بڕیاری ریفراندۆمی دا، هەموومان بینیمان خەڵکی کەرکووك بە چ گڕوتینێکەوە چوون دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا. ئەمڕۆ گەنجەکانمان و خەڵکی کەرکووك ئومێدی هەیە کوردستان ببێتە دەوڵەت، هەر بۆیە ئەو جۆش و خرۆشەی ئێستا لەناو ئەم جەماوەردا هەیە، زیاتر هانی دەدات بەرگری لە

دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە بکات.

*** پێتوانییە رۆژ لەدوای رۆژ شیعە دەکەوێتە هەڵەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سوننە بەهەڵوێستی خۆیدا چووە خۆی ناکاتە بەرمیەك لەگەڵ شیعەدا، ئایا چۆن هەڵوێستەکانی بەغدا دژ بە گەلی کوردستان دەخوێنیتەوە؟**

-ئەمەی ئێستا دەیبیستین، تەنیا هەڕەشەو گوڕەشەیەو ناتوانن هیچ بەرامبەر کوردستان بکەن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوان لەناو خۆیاندا تەبا نین و ناکۆکن، ئەوان گەیشتوونەتە ئاستی غرووری سیاسی وا دەزانن دوژمنایەتی کورد بکەن، سەردەکەون بێ ئەوەی سوود لە ئەزموونی رابردوو وەربگرن، ئێستا ماوەی دوو ساڵێکە شەڕی داعشیان کردووە وا دەزانن ئەم هەڕەشەو دژایەتییەی کوردستانیان بۆ دەچێتە سەر، ئەوان یەك دوو ساڵێکە دروست بوون و ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان نییە، ئەوەیان لەبیر کردووە ئەگەر پێشمەرگەو هاوپەیمانەکان نەبووایە ئەوان نەیاندەتوانی شەڕی داعشیش بکەن، شەڕەکانی بەشیر کە ناحیەکی بچووك بوو بەو هەموو حەشدەوە نەیانتوانی بەشیر بگرنەوە، ئەگەر پێشمەرگە نەبوایەو داوایان نەکردایە هاوکارییان بکەین، هەرگیز نەیاندەتوانی ئەو ناحییە بگرنەوە، ئێستا ئەم گروپانەی حەشدی شەعبی لەناوخۆیاندا تووشی غرووری سیاسیی بوون و دەڵێن ئێمە تەنانەت پابەند نابین بە فەرمانەکانی عەبادیشەوە، غرووری سیاسی لووتی خۆیان دەشکێنێت، بەپێچەوانەی کوردەوە کە ئەزموونێکی زۆری لە شەڕ و بەرگریکردن و قوربانیدان هەیە، بۆیە حەز ناکات شەڕ بکات و داوای دیالۆگ دەکات و دەڵێت با خوێن نەڕژێت. کورد هەرگیز لە هیچ هێزێکی داگیرکەر نەترساوە، هەربۆیە خەیاڵیان خاوە ئەگەر بیانەوێت خۆیان لەگەڵ کورد تاقی بکەنەوە.

*** وەك پەرلەمانتارێکی پێشوو کە ئەزموونێکی باشت لەناو پەرلەمانی عێراق هەیە، پێتوایە پەرلەمانی عێراق بنەمایەکی بەهێزی تێدا ماوە وەکو دەوڵەتی عێراق؟**

- جارێ ئێستا شتێك نەماوە ناوی حکومەتی عێراق بێت؛ حکومەتێك نەتوانێت ئاراستەی خۆی بزانێت و سەرەوەری لەدەست بدات و بیەوێت نەتەوەو گەلێکی وەکو کورد سزا بدات و گەمارۆی بدات، پەنا بەرێتە بەر تورکیاو ئێران بۆ ئەوەی هێز پەیدا بکات و شەڕ لەدژی کوردستان بکات و ئیرادەمان بشکێنێت، ئەمە پێی ناوترێت حکومەت، هەر ئەم حکومەتەی عەبادی ماوەیەك پێش ئێستا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد، هێزەکانی تورکیا لە عێراق بکاتە دەرەوە، کەچی ئێستا دەڵێت وەرە ناوەوە ئیرادەی گەلی کوردستانم بۆ بشکێنە. سەبارەت بە پەرلەمانیش کە هەر وجوودی نەماوە و ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لەدەست داوە کە بریتییە لە چاودێریکردن و دانانی یاساو پەسەندکردنی بودجە، ئەم سێ ئەرکەی بووەتە ئەرکی دژایەتیکردنی گەلی کوردستان، لەکاتێکدا هیچ بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق مولزەم نییەو کاری پێ ناکرێت، کەی کاری پەرلەمانی عێراق ئەوەیە پارێزگاری کەرکووك دەربکات، لە کاتێکدا پارێزگاری کەرکووك شەرعیەتی لەمیللەت وەرگرتووە نەك لە پەرلەمانی عێراق، پارێزگاری کەرکووك نەهاتووە سوێند لەبەردەم پەرلەمانەکەی ئەوان بخوات، تاوەکو ئەوان حەسانەی لەسەر هەڵبگرن و متمانەی لێ بسەننەوە، هەربۆیە پەرلەمان متمانەی لەدەست داوەو حکومەت بنەماکانی دەوڵەتی تێدا نەماوە.

*** لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە توندەی عەبادی و پەرلەمانی عێراق لە دوای ریفراندۆمەوە هەڵوێستی بارزانی زۆر هێمنە، ئایا چۆن هەڵوێستی بارزانی دەخوێنیتەوە؟**

- ئەوانە لەو هەڵوێستە نەرمەی بارزانی تێناگەن، لەبەر ئەوەی پیاوی ئازا ئەوەیە کە بە زوویی بڕیار نەدا و هێمن و دانایی هەبێت، ئەم داناییە لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەبینم، لەو ئەنجومەنەی کە دروست دەکرێ بینیومە، تا ئێستا هیچ بڕیارێکیان وەرنەگرتووە، تەنیا بڕیاری ئاشتیخوازانە نەبێ، پیاوی بوێرو ئازا ئاوا هەڵوێستی دەبێ، وەك ئەوانە نییە کە سەرکردایەتییان تێدا نییە، ئەمانە رۆژێ لە رۆژان ماندوو نەبوون لەگەڵ کەسەکانی خۆیان، بەڵام ئەوانەی ئێمە پەروەردە بوون و دەزانن چۆن سەرکردایەتیی خەڵکەکەی خۆیان بکەن، هیواخوازیشم ئەو هەنگاوانە بەردەوام بن، بۆ ئەوەی هەر شەڕێك بێت و لە شوێنیکەوە

**کەی کاری پەرلەمانی عێراق ئەوەیە پارێزگاری کەرکووک دەربکات، لە کاتێکدا پارێزگاری کەرکووک شەرعیەتی لەمیللەت وەرگرتووە نەک لە پەرلەمانی عێراق**

**حکومەتێک نەتوانێت ئاراستەی خۆی بزانێت و سەرەوەری لەدەست بدات و بیەوێت نەتەوەو گەلێکی وەکو کورد سزا بدات و گەمارۆی بدات، پەنا بەرێتە بەر تورکیاو ئێران بۆ ئەوەی هێز پەیدا بکات و شەڕ لەدژی کوردستان بکات و ئیرادەمان بشکێنێت، ئەمە پێی ناوترێت حکومەت، هەر ئەم حکومەتەی عەبادی ماوەیەک پێش ئێستا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد، هێزەکانی تورکیا لە عێراق بکاتە دەرەوە، کەچی ئێستا دەڵێت وەرە ناوەوە ئیرادەی گەلی کوردستانم بۆ بشکێنە**

**هەندێک لە کادری حزبەکان، یان کە وەک نوێنەری حزبێکی دیاریکراو سەیر دەکرێت، کاتێک بۆ راگەیاندنەکان قسە دەکات، دەیەوێت قسەو لێدوانەکانی بە ئاراستەیەکدا بەرێت، بۆ ئەوەی وەرەی خەڵکی بڕووخێنێت و جەماوەر تووشی شۆک و نائومێدی بکات، کە لە راستیدا دۆخەکە بەو شێوەیە نییە**

بێ، یاخوا هیچ نەبێ، ئەگەر بشبێت بێ ئەو کاتە ئێمە مافی شەرعی خۆمانە بەرگری لە خۆمان بکەین.

*** بڕیاری سووربوون لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستکەوتێکی گەورە بوو، کە هەموو جیهان دەیانگوت دوای بخەن، کەچی بارزانی دوای نەخست، ئەم بڕیارە تا چەند وەرچەرخانی دروست کردووە؟**

- بەڵێ، ئەوە باشترین بڕیار بوو کە ریفراندۆمەکە کرا، من دەڵێم ئەگەر بڕیارەکەش نەدرایە، ئەو هاشوهوشە دەبوو، چونکە ئەوانە نایانەوێ تۆ دەستکەوتەکانت بۆ میللەتەکەت فەراهەم بکەیت، ئەو ببینێت لە بارودۆخێکی ناخۆشدایە و کوردستانیش بەرەو سەرکەوتن دەڕوات، ئەو بڕیارەی ریفراندۆم بڕیارێکی زۆر زۆر حەکیمانەوە و سەرکەوتووانە بوو. ئێمە ئێستا لە قۆناغێکی دیکەداین، لە قۆناغی بەرەو دەوڵەتبوون و سەربەخۆیین، من وەك وتم ریفراندۆم بازدانێکی بە پرسی کورد کرد، لە دوای ئەو هەموو ماوەیەو لە دوای ٢٠٠٣ ئێمە زەرەرێکی زۆرمان کرد تا ئەو رۆژەی ریفراندۆممان کرد رۆژ بەرۆژ خەڵك لە شکستی و بێڕێزی بوو، بێ ئومێد ببوو لەو سەرکردایەتییە، ئێستا ئەم سەرکردایەتییە هۆشێکی دایەوە بەر ئەو خەڵکە. بۆیە من دەستیان دەگوشم و دەڵێم دەستتان خۆش بێت و تەمەنتان درێژ بێت، بۆ ئەوەی ئێمە بگەیەننە کەناری ئارام.

*** بەغدا داوا دەکات ئاکامی ریفراندۆم هەڵوەشێنرێتەوە، ئایا کەس هەیە بتوانێ ئەم ئاکامە هەڵوەشێنێتەوە؟**

- بەغدا بۆ خۆی بەهەڵەدا چووە، کەسیش جورئەت ناکات، بڵێ ئەم بڕیارە هی کەسێکە، یان هی حزبەکانە، ئەوە بڕیاری گەلی کوردستانە، تەنیا بڕیاری کاك مسعود بارزانی و حزبەکان نییە، ئێستا لەدەست ئەوان دەرچووە و میللەت سەرکردایەتیی ئەو ریفراندۆمە دەکات، ئەوەشی بیەوێ پاشگەز ببێتەوە، خۆکوشتنی سیاسییە. هەتا ئەگەر بیشەوێت،- ناتوانێ بیکات، تازە تەواو رەورەوەی ژیان کە رۆیشت، ناگەڕێتەوە، هەموو عارەب و زلهێزەکان بە کوردیان گوت ریفراندۆم مەکەن، کورد هەر کردی، تەواو بڕیاری خۆی دا، ئەمە چەسپاوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئیقلیمی، ئەگەر من پرسیارێکی لۆجیکی بکەم، ئەگەر ئەمە سەرئەنجامێکی باشی نەبێ بۆ ئەم میللەتە، ئەی خێرە عەبادی وا خۆی تێکداوە، خێرە ئێران خۆی تێکداوە و تورکیا خۆی تێکداوە و سوپا کۆدەکاتەوە، ئەگەر ئەنجامی شەرعی نییە بۆ خۆیان تێکداوە؟ من دڵم پێی خۆشە، ئەوەشی خۆی تێکداوە، هەر دەڵێ دانی پێدا نانێم و یان سوورە لەسەر پەشیمانبوونەوە لە ئەنجامەکەی، مانای وایە لە هیچ تێنەگەیشتووە.

*** ئێستا لە پارێزگاری کەرکووکیان هەڵپێچاوە و دەیانەوێت بە بیانووی گەندەڵییەوە دەری بکەن، ئایا ئەم پرسە کاردانەوەی بەشداری کەرکووك نییە لە ریفراندۆم؟**

- من وەك کەرکووکییەك دەمێکە لەناو کەرکووکدام، ئەگەر گەندەڵیش هەبێت، ئەوە پاساو نییە کە ئەو دەربکات، دەبێ ئەنجومەن دەریبکات، ئەوە ئیشی حکومەتی عەبادی و پەرلەمان نییە بێ پارێزگار دەربکات، ئەوان ناڵێن دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆ و مافی یاسا، با ئەمە بەجێبهێڵن بۆ ئەنجومەنی کەرکووك، ئەگەر بە ئێمەیان گوت گەندەڵە، ئێمەش ئەو کاتە پشتی ئەنجومەنی کەرکووك دەگرین، وەك خەڵکی کەرکووك دەڵێین جەنابی پارێزگار چۆن متمانەمان پێت دا، - من پێشتریش باسم کردووە، ئەمە پیلانێکی پێشوەختەیەو داڕێژراوە، دەیانەوێ ئاڵۆزی بخەنە ناو شاری کەرکووکەوە، کورد پەراوێز بخەن و ئەو پێگەیانەی کورد لە کەرکووك هەیەتی، لێی بسەننەوە، لە خودی پارێزگارەوە دەستی پێدەکەن تا خوار، لەبیرمان نەچێت لە ئاڵاکەش هۆسەیەکی زۆریان بۆ نایەوە، ئەمە رق و کینەی ئاڵاکەشە، لە دکتۆر نەجمەدین و ئەنجومەن و خەڵکی کەرکووك دەکەنەوە کە پێشوازییان لە ئاڵاکە کرد، نایانەوێ کورد نینۆکێکی هەبێ خۆی پێ بخورێنێ، ئیدی ئەمە دوژمنییەتیی دەسەڵاتی کوردییە لە هەر کوێیەك هەبێ.

*** تا ئێستا نزیکەی مانگێك بەسەر لەکارلابردنی پارێزگار دەرچووەو تا ئێستاش جێبەجێ نەکراوە، ئەگەر ناچاربکرێن بڕیارەکە جێبەجێ بکەن بۆ کەرکووکییەکان شکستە، یان نا؟**

**دەبێت لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەو لایەنانەی ئەمڕۆ لە شاری کەرکووک گەمەی سیاسی دەکەن، ئیلهام لە وەرەی بەرزی خەڵکی کەرکووک وەربگرن، خەڵک رۆحییەتی فیداکاری و داکۆکیکاری لە دەستکەوتەکانی کوردستانی تێدایە، بەتایبەتی داکۆکیکردن لە ریفراندۆم کە باشترین دەستکەوتی مێژوویی کوردستانە**



- دەبێ قبووڵی نەکەن، ئەمە دەستتێوەردانە بۆ ئەنجومەن و جەماوەری کەرکووك، بە ئێمە بڵێن ئێمە لای دەبەین، ئێمە ئەگەر شتێکی مەلموسمان لێ دیت، لای دەبەین، ئەوان بۆیان نییە، ئێمە دەچین پارێزگاری بابل و بەسرە و شوێنەکانی ئەوان لابەرین، کەواتە بۆ ئەوان نییە دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێمەو کەرکووك وەردەن، خەڵکی کەرکووك بڕیاری لەسەر پارێزگاری کەرکووك و ئەنجومەنەکەی داوە، ئەگەر بەدڵمان نەبوو، خۆپیشاندان دەکەین و ئێوەش وەرن یارمەتیمان بدەن بە پێی پایەو ڕێساکانی دیموکراسی، بەڵام تۆ بێیت و بڵێیت پارێزگار لابەرە، تۆ جارێ بڕۆ گەندەڵییەکانی خۆتان چارەبکەن، بۆ دێن شەڕ بە ئێمە دەفرۆشن.

*** پێتوایە کە دکتۆر نەجمەدین لەسەر لیستی یەکێتییە سنووری بیرکردنەوەی حزبایەتی تێپەڕاندووە؟**

- ئەوەی کە ئێستا دەیبینم تێی پەڕاندووە، دکتۆر نەجمەدین حزبایەتی تێدا نابینم، یەك دەست لەگەڵ پارتی و حزبەکانی دیکە دەیانەوێ خزمەت بە شارەکە بکەن. هەر بۆیە من دەڵێم مانەوەی دکتۆر نەجمەدین تا ئەو کاتەی کەرکووك ڕزگاری دەبێ و بە تەواوەتی دەچەسپێت لەسەر هەرێمی کوردستان پێویستە، چونکە ئێستا کاتی ئەوە نییە تۆ دەسەڵات لە دکتۆر نەجمەدین بسەنیتەوە، کە شتێکی ناخۆشە بۆ کەرکووکییەکان و نابێ قسەی بەغدا و نەیارانمان سەربکەوێت.

*** ئێمە ریفراندۆممان ئەنجامداوەو ئاکامەکەشی دەنگی خەڵکی کوردستانە بە ڕێژەی سەرووی لە سەدا ٩٢، بە رای تۆ تا چەند دەوڵەتانی رۆژئاواو دیموکراسی دەتوانن خۆیان لە دەنگی کوردستان بێ ئاگا بکەن؟ ئایا دەتوانن تا سەر دژایەتیی ئەو دەنگانە بکەن؟**

- پێموایە ئەگەر ئەوان ئەمە بکەن واتا دژی قسەکانی خۆیانن، چونکە ئەوان باسی خۆیان دەکەن کە دیموکراسیخوازن، لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەیەئە و میساقە هەیە کە ئەو دەوڵەتانە مافی چارەی خۆنووسینیان داوەتە دەست نەتەوەکانیان و واژۆیان کردووە و دەبێ ڕێز لە واژۆکانیان بگرن، کەواتە زلهێزەکان ناتوانن دژی ئیرادەی گەلی کورد بن کە ریفراندۆمێکی کردووە کە ئایا دەتەوێ لەگەڵ عێراقدا بمێنیتەوە کە بە زۆر پێوەی لکاویت، یان نا، من دەمەوێ سەربەخۆ بم، ئەمەش مافێکی شەرعی و یاسایی گەلی کوردستانە.





خوێندنەوەیەک بۆ ستراتیژیەتی تازەی ترەمپ بەرامبەر بە ئێران

# تاچەند ئەمریکا لەم ستراتیژە سەرکەوتوو دەبێت و کاردانەوەکانی ئێران چۆن دەبن؟

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش، پرسی بە کەس نەکردو خۆی بڕیاری (شەڕی مان و نەمان)ی دا، ئەوا لەئەگەری هەر هێرشێک لەلایەن میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبییەوە بۆ سەر کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن سەرۆک بارزانی هەمان فەرمانی (شەڕی مان و نەمان) یان پێدراوەو لەچوارچێوەی شەڕی بەرگریکردن لە کوردستاندا بەهەمان شێوەی تیرۆریستانی داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و ئەوەی بەداعشی کرد، زیاتر بەو میلیشیایانەی شیعەی پرۆ ئێرانی دەکات**

ئەو ستراتیژە نوێیەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران کە ڕۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەر لەلایەن سەرۆك ترامپەوە ڕاگەیەنرا، یەکێکە لە بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردانەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا و ڕاگەیاندنەکەشی پیشاندانی ڕاستگۆیی جێبەجێکردنی ئەو دروشمانەیە لەلایەك بۆ ڕای گشتیی ئەمریکا و لەلایەکی دیکە بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی ئەو هاوپەیمانانەی وەك سعودیە و ئیسرائیل کە باڵادەستی و نفووزی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر (مان و نەمانی) خۆیان دەزانن و ئێران وەك هەڕەشەیەکی وجوودی بۆ سەر ئایندەی خۆیان سەیردەکەن، هەر بۆیە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە سعودیە و ئیسرائیل پێش هەر وڵاتێکی دیکە پشتگیری خۆیان بۆ ئەو ستراتیژە تازەیەی ئەمریکا بەرامبەر ئێران ڕاگەیاند.

کێشەی سەرەکیی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر ئەوە نییە ئێران لەناو سنووورە سەروەرییەکانی خۆیدا چۆن حوکمڕانی دەکات، یان چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی ناو وڵاتەکەی خۆی دەکات، بەڵکو کێشەی سەرەکیی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، هەوڵەکانی ئێرانە بۆ باڵادەستی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها دروستکردنی میلیشیای سەربازی سەر بەخۆیەتی لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، ئەمەش واتە لە یەمەنەوە تا دەگاتە بەحرەین و سعودیە و کوەیت و لوبنان و سووریا و عێراق. هەر ئەمەش وایکردووە، زمانی ئەم ستراتیژە تازەیەی ئەمریکا هێندەی ئاراستەی سوپای پاسدارانە (IRGC)، هێندە ئاراستەی دامەزراوەکانی دیکەی ئێران نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئامانجی ئەمریکا کەمکردنەوەی نفووز و باڵادەستیی ئێرانە لەناوچەکە، ئەمەش وەك دانانی ڕێگرییەك بۆ تەشەنەکردنی شەڕی مەزهەبی لە نێوان شیعە و سوننە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆتە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامیگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧٩، ئەوەی نەشاردۆتەوە کە یەکێك لە ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئەوەیە کە هەناردەی ئەم شۆڕشە بکات بۆ دەرەوەو بیکاتە مۆدێلێکی حوکمڕانی بۆ دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، بۆ ئەوەی تا چەند بڕەخسێت، هەمان شێواز دووبارە بکرێتەوە، ئەم ئامانجەیشی وەك ئێستا لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت، بەشێکی هێجگار باشی لێ جێبەجێ کردووە، ئێستا هێزە وەکیلەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، یان ئەو میلیشیایانەی ئێران پشتگیریان لێدەکات، بوونەتە هێزێکی ئەوتۆ لەسەر زەوی کە زەحمەتە ئەمریکا، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئاسانی بتوانن جڵەوگیری بکەن، هەر بۆیە ئەگەر ئیدارەی ئێستای سەرۆك ترەمپ بە نیازی ئەوە بێت زۆر بەخێرایی ستراتیژەکەی ئاکامی خۆی بدات بەدەستەوە، ئەوا چاودێران و پسپۆڕان پێیانوایە ئەو ئامانجەی ئیدارەی ترەمپ دەخوازێت بۆی بێتەدی بە ئاسانی بۆی نایەتەدی و، لەبەرامبەردا پێویستی بەوەیە کە ئەم ستراتیژە تازەیە بخاتە ناو بەرنامەیەکی دوورمەودای درێژخایەنەوە، واتا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر لەسەرخۆ و لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵدا نفووز وکاریگەری لەسەر ئاستی ناوچەکە گەیشتۆتە ئەم ئاستە و ئەگەر هەوڵێك هەبێت بۆ ئیحتیواکردنی ئەم نفووزە و دابڕاندنی وەکیلەکانی لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوا دەبێت بە هەمان ئەو نەفەسەی ئەم باڵادەستییەی پێ دروستکراوە، پرۆسەی ئیحتیواکردن و دابڕاندنی وەکیلەکانی درێژەی هەبێت.

### ● سەرکەوتنی باڵادەستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئەو پرۆسەیە کۆماری ئیسلامی ئێران لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا هەوڵی بۆ داوە بۆ ئەوەی باڵادەست بێت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا ئەم پرۆسەیە بەردەوامەو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئەم باڵادەستییە زیاتر بکات، یان زۆر لەوە گەورەتری بکات کە پێشتر هەیبووە. لەبەرامبەر ئەم ئامانجە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا کۆماری

**لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبی بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر فەتواکەی سیستانی پەیوەندییان بەو هێزەوە کردووە، ئێستا لەناو حەشدی پرۆ ئێرانی پشتگوێ خراون و دژایەتی دەکرێن، هەروەها هێزەکانی دژە تیرۆر کەیفیان بە نفووزی ئێرانی لە عێراقدا نایەت، بۆیە ئەگەر ئەم هێزانە بینییان ئەمریکا بۆتە پشتیوان بۆ کوردستان و پێشمەرگە و ڕاستگۆیە لە ستراتیژەکەی، ئەوا ئەوانیش متمانە بە ئەمریکا دەکەن و هەست دەکەن کە پشتیوانێکیان هەیە کاتێک لە ئێران دوور دەکەونەوە**

ئیسلامی ئێران ئەمەی پێ جێبەجێ دەکرێت، لەکاتێکدا کە ئەمریکا لەمەودوا بەتەواوەتی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ئەم پرسە دەگۆڕێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر مایکل نایتس توێژەری باڵای کاروباری ئاسایش و سەربازی لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك و لە کۆبوونەوەیەکی گوێ لێگرتن لەگەڵ ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:

١. ئێران هەوڵێکی زۆری داوە بۆ هێشتنەوەی رژێمی ئەسەد لە دەسەڵات و ئەمەشی تا ئێستا بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە.

٢. ئێران هەوڵیداوە سەرچاوەیەکی داهاتی ئابووریی بەردەوام لە دەرەوەی سەرچاوەی داهاتی خۆی بۆ دروستکردنی میلیشیاکانی پەیدا بکات، بەمەش توانیویەتی فەیلەقێك لە دەرەوەی ئێران بۆ ئەو میلیشیانە دروست بکات، ئەم فەیلەقە کە هەموویان میلیشیای جۆراوجۆرن، لەلایەن ئێرانەوە پشتگیرییان لێدەکرێت.

ئەم بەرنامەیەی ئێران بەمەبەستی فراوانخوازی و باڵادەستبوونی پیادەی دەکات، پشت بە خەڵکانی غەیرە ئێرانی دەبەستێت، ئەمەش واتە شیعەی وڵاتە جیاوازەکان، لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەشیدا هەوڵیداوە پرۆسەی بەسەربازیکردن (التجنید) لەناو ئەو میلیشیایانە وەك دۆزینەوەی کار و سەرچاوەی دەهات پیادەبکات و سەرنجی لاوە بێکارەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەفغانستانی پێ رابکێشێت و بیناکاتە سووتەمەنیی ئەو شەڕە بەرفراوانەی لە یەمەنەوە تا عێراق بەڕێوەی دەبات، ئەمەش ئەو مەترسییەی رەواندۆتەوە کە پێشتر رووبەڕووی سوپای پاسداران لە دەرەوەی ئێران دەبووەوە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەمریکا بەشێکی لە ئەندامانی سوپای پاسداران لە عێراق دەستگیرکرد، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە نیگەرانییەکی گەورە لەسەر ئاستی سیاسی لە ئێراندا دروست بکات، بەڵام بە پیادەکردنی ئەم شێوازە تازەیە کە قوربانی بە ئێرانییەکان نادات، خۆی لەو مەترسییە رزگار کردووە.

دروستبوونی ئەم ژینگە لەبارە بۆ ئێران بە رێگەی ئەو میلیشیایانەی کە بوونەتە وەکیلی سوپای پاسداران، وایکردووە کە ئێران لە شەڕە ئیقلیمییەکاندا ئەگەر بردنەوەی تێکڕای ئەو شەڕانە تا رادەیەکی زۆر مسۆگەر بکات، هەر بۆ نموونە ئەو شەڕەی چاوەڕێ دەکرێت میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دوای داعش دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پیادەی بکات، یان ئەو شەڕەی کە حزبوڵای لوبنانی دژی ئیسرائیل پیادەی دەکات.

### ● مەترسیی میلیشیاکانی حەشدی پرۆ ئێرانی لە عێراقدا

عەلی یاسری فەرماندەی میلیشیاکانی سەرایەی خۆراسانی کە یەکێکە لەو میلیشیا شیعانەی کە پێشتر بە پشتگیری ئێران دامەزراوە لە ساڵی ٢٠١٥وە بەشێکە لە حەشدی شەعبی عێراق، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کە هەڕەشەی لە داگیرکردنەوەی کوردستان دەکرد، راشکاوانە رایگەیاند کە ئەم میلیشیایە ئامادەیە لە عێراق و دەرەوەی عێراق لە پێناو ئامانجەکانی ئێران و دامەزراندنی سیستمی ولایەتی فەقیهی شەڕ بکەن، هەروەها ئاماژەشی بەوە دا، کاتێك لەناو عێراقدا شەڕ دەکەن، پێڕەوی مەرجەعییەتی سیستانی دەکەن، بەڵام لە دەرەوەی عێراق بۆ نموونە لە سووریا، پێڕەوی مەرجەعییەتی خامنەیی دەکەن.

ئاماژەکردنمان بەم قسانەی عەلی یاسری و هەڕەشەکانی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، بۆ ئەوەیە بپرسین: ئایا فەرماندەی ئەم میلیشیایە سەرچاوەی مووچە و چەك و پێداویستیی سەربازی لە کوێوە بۆ دیاری دەکرێت؟ بێگومان لەبەر ئەوەی بەشێکە لە حەشدی شەعبی، ئەوا بە هاوشێوەی هێزەکانی ئاسایش و سوپا، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆی ئامادە دەکرێت، بەڵام فەرمانی سوپای پاسداران جێبەجێ دەکات، لەهەمانکاتدا خۆی وەك براوەی شەڕی دژی داعش و هاوپەیمانێکی ئەمریکا لە قەڵەم دەدات، ئەمەش بەرەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی ئەمریکایە کە لە ٢٠٠٣وە لە عێراقدا پیادەی دەکات و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە کە دەبێت لە دوای ستراتیژە تازەکەی سەرۆك ترامپەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

ئەوجا وەنەبێت میلیشیاکانی سەرایەی

**خاڵێکی دیکەی بەهێزی ئێران لە باڵادەستبوونی لە تەواوی ناوچەکە، دروستکردنی ئەو میلیشیایانەیە لەسەر زەوی، لە بەرامبەردا خاڵی لاوازی ئەمریکا ئەوەیە بێجگە لە کوردستان لەتەواوی ناوچەکانی نفووزی ئێرانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە یەمەن تا عێراق، لەسەر زەوی هیچ هێزێکی کاریگەری هاوپەیمانی نییە**

**شارەزایان و توێژەران لەسەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەترسییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، بە پێویستی دەزانن ئەمریکا دان بەو راستییەدا بنێت، باڵادەستی و نفووزی ئێرانی لە ناوچەکە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کە پێشتر ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی دروستی کردوون**

**ئێران لە ئێستادا ناتوانێت و ناشیەوێت وەک دەوڵەتێکی دراوسێ شەڕ لەگەڵ کوردستان بکات و دەزانێت ئەگەر ئەم کارە بکات کاردانەوەکان چۆن دەبن و شەڕەکەش چ سیمایەک لەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێتە خۆی، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق و بەو میلیشیایانە ئەو شەڕە بکات کە خۆی بە خاوەنیان دەزانێت**

**لە ئەگەری هەڵگیرسانی خوانەخواستەی شەڕ، ئەو میلیشیایانە لەسەر دەستی پێشمەرگە زەبرێکی وایان بەردەکەوێت کە جیهان ناچار بێت وەک تیرۆریستانی داعش سەیریان بکات، بەمەش داکۆکیکردنی عەبادی لەو میلیشیایانە لە باشترین حاڵەتەدا ئەگەر هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی وەک ئەبوبەکر بەغدادیش سەیری نەکات، ئەوا وەک حەسەن نەسروڵای سەرۆکی حزبوڵای لوبنانی مامەڵەی لەگەڵ دەکات**




خۆراسانی تەنیا میلیشیای سەر بە ئێران بن لە عێراقدا ئازادانە کارو چالاکی خۆیان بکەن و مووچە و چەك و پێداویستییان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ دابین بکرێت، بەڵکو میلیشیاکان هەمەجۆرن و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە بیانووی ئەوەی ئەمانە بەشداربوون لە دژایەتیکردنی رژێمی سەدام حوسێن وەك بەشێك لە پێکهاتەی پرۆسەی سیاسیی عێراق سەیر کراون، نموونەی زۆر بەرچاویش لەمبارەوە فەیلەقی بەدرە کە ئێستا بۆتە رێکخراوی بەدر و خۆی کردووە بە حزبێکی سیاسی و خاوەنی میلیشیایەکی بەهێزە کە زیاتر لە ١٥ هەزار چەکداری هەیە.

فەیلەقی بەدر کە بە راسپاردەی ئێران لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە بوونە بەشێك لە هێزەکانی ئاسایشی عێراق، هاوشانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کاریان کردووە و زۆرجاریش لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا کاریان کردووە، بەڵام فەرمانی سەرەکییان لە قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێرانەوە وەرگرتووە، بۆ ئەوەی وەك هێزێکی سەربەخۆی سەر بە ئێران لە عێراقدا بوونیان هەبێت، هەروەها قاسم ئەعرەجی کە یەکێکە لە ئەندامانی فەیلەقی بەدر، لە ساڵانی ٢٠٠٣ -٢٠١١، ماوەی ٢٦ مانگ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراوە، بەڵام ئێستا ئەعرەجی وەزیری گەورەترین وەزارەتی سەروەریی عێراقە کە وەزارەتی ناوخۆیە، هەروەها بەپێی ئەو راپرسییانەی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق ئەنجامدراون، هادی عامری سەرۆکی میلیشیاکانی بەدر کە فەرمان لە قاسم سولەیمانی وەردەگرێت، دیارترین کاندیدە بۆ سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر کەسێکی وەك عامری بە رێگەی هەڵبژاردن ببێتە سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق، ئەوا بە بەلاش عێراق پێشکەشی ئێران کرا.

میلیشیایەکی دیکەی حەشدی شەعبی ناوی کەتائیبی حزبوڵای عێراقییە، ئەم میلیشیایە کە لەلایەن مەهدی موهەندیسەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لەناو لیستی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە، ئێستا مەهدی موهەندیس فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی هەموو میلیشیاکانی حەشدی شەعبییە لە عێراق و ئەو پارەیەی لە بودجەی عێراق لە ٢٠١٧ بۆ حەشدی شەعبی تەرخانکراوە کە بڕەکەی ١,٩٦ ملیار دۆلارە، هەر هەمووی لەبەر دەستی مەهدی موهەندیسە و بەشی هەرە زۆری بەکار دەهێنێت بۆ دابینکردنی مووچە و چەك و پێداویستی ئەو میلیشیایانەی کە سەربە ئێرانن.

تەیاری سەدر کە موقتەدا سەدر سەرۆکایەتی دەکات و خاوەنی هێزێکە کە کاریگەری لە عێراقدا هەیەو سەر بە ئێرانن، لەلایەن میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانیەوە دەست خراوەتە ناو ئەم تەیارەو بەشێکی بەناو میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی هەقی لێ جیاکراوەتەوەو گرێدراوەتەوە بە ئێرانەوە، واتە توانرا هێزەکەی

**فەرماندەی ئەو میلیشیا شیعانەی کە بە زمانێکی زۆر دڕندە و ناشیرین هەڕەشە لە کوردستان دەکەن، هەر هەموویان فەرماندەی ئەو میلیشیایانەن کە بە میلیشیای پرۆ ئێرانی ناسراون و فەرمانەکانی سوپای پاسداران جێبەجێ دەکەن و بەشێکی زۆریشیان وەک مەهدی موهەندیس و قەیس خەزعەلی و فەرماندەکانی سوپای بەدر، ئەو خەڵکانەن کە لە لیستی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادان و لەهەمانکاتدا بەو چاکانەش هەرەشە لەکوردستان دەکەن کە ئەمریکا لەشەڕی دژی داعشدا داونی بە عێراق و ئێستا بەدەستی ئەو میلیشیایانەوەن**



تەیاری سەدریش بەش بکرێت.

ئەوجا ئەوەی لە هەمووی ترسناکترە ئەوەیە، ئەم هێزانە کە ملکەچی فەرمانەکانی ئێرانن، هەر هەموویان لەژێر چەتری حەشدی شەعبی کۆکراونەتەوە کە شەرعییەتی یاسایی لە حکومەتی عێراقی وەرگرتووەو جیا لەوەی خەرجییەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ دابین دەکرێت، لەهەمانکاتدا بوونەتە خاوەنی چەکی قورس وەك تانك و هامەر و هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو کە بەشی زۆریان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وەك هاوکاری لە شەڕی دژی داعشدا دراون بە عێراق، ئێستا ئەم چەکانە زۆر بە ئاسانی کەوتوونەتە دەستی ئەو میلیشیانەی سەر بە ئێران و وەك تابوری پێنجەم رۆڵی ئێران لە عێراقدا پیادە دەکەن و زۆر زەحمەتیشە ئەمریکا بتوانێت لە ئێستادا ئەم میلیشیایانە هەڵبوەشێنێتەوە.

لایەنێکی دیکەی مەترسیدار کە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لەناو حەشدی شەعبی دروستیان کردووە، ئەوەیە کە بنکەکانی ئەو میلیشیایانە بوونەتە شوێنی راهێنان و مەشق پێکردنی ئەو شیعەیانەی سووریا و دەوڵەتانی کەنداو کە پەیوەندی بەو میلیشیایەوە دەکەن و پاشان لە ناو عێراقدا مەشق و راهێنانیان پێدەکرێت و چەك و پێداویستییان بۆ دابین دەکرێت و رەوانەی سووریا و وڵاتانی کەنداو دەکرێنەوە، ئەمەش زۆر بە راشکاوی مانای ئەوەیە جیا لەوەی لەژێر چەتری یاسایی حەشدی شەعبی ئەو میلیشیایانە لەناو عێراقدا مەترسی دروست دەکەن، لە هەمانکاتدا بوونەتە بنکەیەکیش بۆ

**حزبوڵای لوبنانی یەکەمین ئەزموونی سوپای پاسدارانی ئێرانە بۆ دروستکردنی هێزی وەکیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم هێزە لە شەڕی سووریا و دوای ئەوەی مەترسی کەوتە سەر دیمەشق، بە ئاشکرا چووە دیمەشق و ڕایگەیاند (ئێمە هاتووین و پارێزگاری لە شیعە دەکەین).**

**لە دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی و پاش ئەوەی هێزەکانی سعودیە و ئیمارات چوون بەهانای بنەماڵەی پادشایەتی بەحرێنەوە، هەوڵەکانی ئێرانیش بۆ پشتگیری میلیشیاکانی شیعە زیاتر بووە و هەوڵیداوە کارگەی بچووک بۆ دروستکردنی بۆمبی سەر ڕێگاکان و هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی دیکەی کەنداو بەردەوام بێت**

**ئێستا مەهدی موهەندیس فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی هەموو میلیشیاکانی حەشدی شەعبییە لە عێراق و ئەو پارەیەی لە بودجەی عێراق لە ٢٠١٧ بۆ حەشدی شەعبی تەرخانکراوە کە بڕەکەی ١,٩٦ ملیار دۆلارە، هەر هەمووی لەبەر دەستی مەهدی موهەندییسە و بەشی هەرە زۆری بەکار دەهێنێت بۆ دابینکردنی مووچە و چەک و پێداویستی ئەو میلیشیایانەی کە سەربە ئێرانن**

دروستکردنی میلیشای دیکە و ناردنە دەرەوەی بۆ ئەوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری لەتەواوی ناوچەکە دروست بکەن.

### ● حوسییەکانی یەمەن، حزبوڵای لوبنانی نین بەڵام هاوکاری لە ئێران وەردەگرن

پسپۆڕان و توێژەران لەسەر پێکهاتەی حوسییەکانی یەمەن دەڵێن، حوسییەکان بە هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی بە وەکیلی ئێران حیساب ناکرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕەگی نفووزی ئێرانی لەناو حوسییەکاندا لەچاو حزبوڵای لوبنانیدا بەو ئاستە قووڵ نییە، هەروەها ئەوان لە پێناوی ئامانجێکی خۆیاندا شەڕی حکومەتی یەمەن دەکەن کە لەلایەن عەرەبستانی سعودیەوە پشتگیری لێ دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە سوپای پاسداران و حوسییەکان لە زیانگەیاندن بە عەرەبستانی سعودیە یەك دەگرنەوە و هەر لەم چوارچێوەیەشدا سوپای پاسداران هاوکاری کردوون.

ئەم هاوکارییەی سوپای پاسداران کاریگەری گەورەی لەسەر توانای چەکدارانی حوسییەکان هەبووە، بەتایبەتی لەم بوارانەدا:

١. بە هاوکارییەکانی سوپای پاسداران، حوسییەکان توانییان توانای ڕۆکێتی برکات ١و٢ وەك ڕۆکێتی زەمین- زەمینی فراوان بکەن و بیگەیەننە شارەکانی ڕیاز و تەواوی کەنارەکانی عەرەبستانی سعودیە لەسەر دەریای سوور. ئێستا حوسییەکان هێندە لە خۆیان ڕادەبینن کە توانای ڕۆکێتەکانیان بە ئاستێك زیاد بکەن کە بگاتە شاری ئەبوزەبی لە ئیمارات.

٢. بەهۆی ئەو هاوکاریانەوە کە سوپای پاسداران پێشکەشی کردوو، ئێستا حوسییەکان توانای دروستکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژ (Suicide drones) یان هەیە و توانیویانە پاتری ڕاداری ڕۆکێتی پەتریۆتی سعودیە تێکبشکێنن، ئەم فڕۆکە بێ فڕۆکەوانە کە بەچەند هەزار دۆلارێك دەکرێتە بۆمبێکی زۆر بەهێز و ڕاداری ڕۆکێتی پاتریۆتی سعودیە پێ تێکشکێندراوە، زیانی سەدان ملیۆن دۆلاری بەجێهێشتووە.

٣. حوسییەکان توانیویانە لەدەریاشدا پەرە بە بەلەمی بێ بەلەمەوانی خۆکوژ (Suicide drone boat) بدەن، ئەم بەلەمانەشیان وەك چەکێك دژی کەشتی نەوتهەڵگری سعودیە لە دەریای سوور بەکار بهێنن، هەروەها توانای حوسییەکان گەیشتۆتە ئەوەی ڕۆکێتی دژە پاپۆڕ لە دژی پاپۆڕەکانی ئەمریکا و ئیمارات و سعودیە لە دەریای سوور بەکاربهێنن، بۆیە ئەمریکا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ ناچار بوو بە ڕۆکێتی کرۆز سیستمی ڕاداری ئەو موشەکانە تێکبشکێنێت.

### ● مەترسیی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران لەسەر دەوڵەتانی ئەنجومەنی کەنداو

لەوانەیە کاتێك باس لە مەترسیی ئەو میلیشیایانە بکرێت کە لەلایەن ئێرانەوە دروست و پشتگیری دەکرێن لە دەوڵەتانی ئەنجومەنی کەنداو و بەتایبەتی لە بەحرێن و کوەیت و سعودیە، بەڵام ئەوانەی بە وردی توێژینەوە لەسەر ڕەفتارەکانی ئێران لەو دەوڵەتانە دەکەن، ڕاشکاوانە ئەوە دەخەنەڕوو کە ئێران بە شێوەیەکی بەردەوام گەشەیەکی لەسەرخۆی بەو میلیشیا شیعانەی ئەو ناوچانە کردووەو بەکاریان دەهێنن دژی ئەو دەوڵەتانی کەنداو کە ئەمیر و پادشاکانیان سوننەن.

دیارە ئێران لەدوای ساڵی ١٩٧٩وە بەردەوام بە ڕێگەی دامەزراوە هەواڵگرییەکانی و سوپای پاسداران هەوڵیداوە ئەو تەنگژانە بقۆزێتەوە کە لەلایەن کەمینەی شیعەی ئەو وڵاتانەوە دروست دەبن، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی و پاش ئەوەی هێزەکانی سعودیە و ئیمارات چوون بەهانای بنەماڵەی پادشایەتی بەحرێنەوە، هەوڵەکانی ئێرانیش بۆ پشتگیری میلیشیاکانی شیعە زیاتر بووە و هەوڵیداوە کارگەی بچووك بۆ دروستکردنی بۆمبی سەر ڕێگاکان و هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی دیکەی کەنداو بەردەوام بێت.

بەپێی ئەو هەواڵانەی هێزە ئەمنییەکانی بەحرێن و سعودیە بۆ چاودێریی ئەم گرووپانە کردوویانە، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کەلوپەلی پێداویستی بۆ دروستکردنی ئەو بۆمبانە و هەروەها ئەو کەسانەی کە مەشقپێکراون بۆ دروستکردنی ئەو بۆمبانە، هەموویان بە ڕێگەی بەلەمێکی خێراوە بە ڕێگەی ئاوەکانی عێراق و ئێران گواستراونەتەوە بۆ بەحرێن، هەروەها ئەو خەڵکانەش لەناو بنکەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق و

بنکەکانی سوپای پاسداران لە ئێران مەشقیان پێکراوە. لەمەش زیاتر لە ٢٨ی مارتی ٢٠١٣ بەلەمێکی خێرای ئێرانی لە نزیك کەنارەکانی بەحرەین دەستی بەسەردا گیراوە کە ڕێژەیەکی زۆر لە تەقەمەنی تێدابووە، لەوانە ٣٢ مینی کەسی جۆری کلایمۆر، هەروەها ١٢ مینی تانك شکێن، ئامێری ئەلکترۆنی بۆ ئاراستەکردنی چەك.

ئەم کارانەی سوپای پاسداران کە ئامانج لێی بە پلەی یەکەم تێکدانی ئاسایشی عەرەبستانی سعودیەیە و بە ڕێگەی کەنارەکانی بەحرەین دەیکات، بەڵام لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر دەوڵەتی کوەیت هەیە، هەروەك چۆن ئەمساڵ کوەیت ناچار بوو دیپلۆماتیەتی خۆی لەگەڵ ئێران هەڵپەسێرێت، یان چۆن لەکاتی لە سێدارەدانی شێخ نەمر لەلایەن عەرەبستانی سعودیەوە لە ئێران هێرش کرایە سەر کونسوڵخانەی سعودیە لە ئەسفەهان و سووتێنرا، ئەمانە هەمووی ڕۆڵی هەڵکشانی لەسەرخۆی ئێرانە لە دەوڵەتانی کەنداودا.

## ● حزبوڵای لوبنانی وەکیلی سەرەکیی ئێران لە لوبنان و سووریا

حزبوڵای لوبنانی یەکەمین ئەزموونی سوپای پاسدارانی ئێرانە بۆ دروستکردنی هێزی وەکیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم هێزە لە شەڕی سووریا و دوای ئەوەی مەترسی کەوتە سەر دیمەشق، بە ئاشکرا چووە دیمەشق و ڕایگەیاند (ئێمە هاتووین و پارێزگاری لە شیعە دەکەین). هەر بۆیە ئەو میلیشیا شیعییانەی سوپای پاسداران لە عەرەبی سووریا و شیعەی ئەفغانی لە سووریا دروستی کردوون، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر شێوازی حزبوڵای لوبنانی دروست کراون و ئامانج لەم هێزانە ئەوەیە دوای ئەوەی شەڕی سووریاش تەواو دەبێت، وەك وەکیلی ئێران و حزبوڵا لە ناو سووریا بمێننەوە، لەمەش زیاتر بۆ گرێدانەوەی ئەم هێزانە بە ئێرانەوە بە ڕێگەی زەمینی، ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە عێراق بکاتە پردێکی زەمینی بۆ ئەوەی لە عێراقەوە بە ڕێگەی زەمینی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ ئەم هێزانە دروست بکات، ئەم بەرنامەیەی ئێران کە لە ئێستادا بەشێکی هێجگار زۆری لێ جێبەجێ کراوە و دەتوانین بڵێین ئێستا ئەو پردە لە تەواوبوودانەیە، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ڕێگەی عێراقەوە بە ناڕاستەوخۆ دەتوانرێت بەکار بهێنرێت، نیگەرانیی گەورەی بۆ ئیسرائیل دروست کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئیسرائیل توانیویەتی ڕێگەی ئاسمانی و ئاوی بە ڕووی حزبوڵای لوبنانی دابخات، بەڵام دیسان ئەمەش واینەکردووە ئەو ڕۆکیتانە بگەنە دەستی حزبوڵا کە هەڕەشەی لە ئیسرائیل پێدەکات، بەڵام ئەم ڕۆکێتانە نابنە هۆکاری ئەوەی ئەگەر شەڕێك لەنێوان حزبوڵا و ئیسرائیل دروست بێت، شەڕەکە بە بەرژەوەندیی ئێران و حزبوڵا تەواو ببێت، بەڵام ئەگەر ئەو پردە زەمینییە تەواو بێت و بکەوێتە ژێر دەستی ئێران و وەکیلەکانی، ئەوا ڕێگەی بە بەردەوامی گەیاندنی لۆجیستی بۆ حزبوڵا دابین دەکات و ئەگەر ئەو کاتە شەڕێك لەنێوان حزبوڵا و ئیسرائیل دروست بێت، ئەگەری ئەوە هەیە، شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی ئێران و حزبوڵا یەکلایی ببێتەوە، لەم حاڵەتەشدا نەك هەر ئاسایشی ئیسرائیل، بەڵکو ئاسایشی ئوردنیش دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێك نابێت ڕێگە بە ئێران بدرێت ئەو پردە زەمینییە بۆ پەڕینەوە و گەیشتن بە حزبوڵای لوبنانی دروست بکرێت.

## ● کوردستان لە بەردەم مەترسیی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سەر بە ئێراندا

شتێکی شاراوە ناڵێین، ئەگەر بڵێین، فەرماندەی ئەو میلیشیا شیعانەی کە بە زمانێکی زۆر دڕندە و ناشیرین هەڕەشە لە کوردستان دەکەن، هەر هەموویان فەرماندەی ئەو میلیشیایانەن کە بە میلیشیای پرۆ ئێرانی ناسراون و فەرمانەکانی سوپای پاسدران جێبەجێ دەکەن و بەشێکی زۆریشیان وەك مەهدی موهەندیس و قەیس خەزعەلی و فەرماندەکانی سوپای بەدر، ئەو خەڵکانەن کە لە لیستی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادان و لە هەمانکاتدا بەو چاکانەش هەرەشە لە کوردستان دەکەن کە ئەمریکا لەشەڕی دژی داعشدا داونی بە عێراق و ئێستا بەدەستی ئەو میلیشیایانەوەن.

ئەمە جاری دووەمە کە تانك و هامەر و

**بەپێی ئەو ڕاپرسییانەی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق ئەنجامدراون، هادی عامری سەرۆکی میلیشیاکانی بەدر کە فەرمان لە قاسم سولەیمانی وەردەگرێت، دیارترین کاندیدە بۆ سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر کەسێکی وەک عامری بە ڕێگەی هەڵبژاردن ببێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، ئەوا بە بەلاش عێراق پێشکەشی ئێران کرا**

**قاسم ئەعرەجی کە یەکێکە لە ئەندامانی فەیلەقی بەدر، لە ساڵانی ٢٠٠٣ -٢٠١١، ماوەی ٢٦ مانگ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراوە، بەڵام ئێستا ئەعرەجی وەزیری گەورەترین وەزارەتی سەرووەریی عێراقە کە وەزارەتی ناوخۆیە**

**ئێران هەوڵیداوە سەرچاوەیەکی داهاتی ئابووریی بەردەوام لە دەرەوەی سەرچاوەی داهاتی خۆی بۆ دروستکردنی میلیشیاکانی پەیدا بکات، بەمەش توانیویەتی فەیلەقێک لە دەرەوەی ئێران بۆ ئەو میلیشیانە دروست بکات، ئەم فەیلەقە کە هەموویان میلیشیای جۆراوجۆرن، لەلایەن ئێرانەوە پشتگیرییان لێدەکرێت**



چەکی مۆدێرنی ئەمریکا دەدرێتە عێراق و راستەوخۆ دەکەونە دەستی ئەو هێزانەی کە دژی ئەمریکان، لە ساڵی ٢٠١٤ چەك و تەقەمەنی و تانك و هامەری ٥ فیرقەی عێراقی، لەلایەن سوپا و پۆلیسی فیدراڵی عێراقەوە دوای داگیرکردنی موسڵ رادەستی تیرۆریستانی داعش کرا و داعشی لە گرووپێکی تیرۆریستییەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی تیرۆریستی، ئەمجارەشیان کە بەهۆی شەڕی دژی داعشەوە نەك هەر ئەمریکا، بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، بڕێکی هێجگار زۆر تانك و هامەر و دژە تانك و چەکی مۆدێرنیان داوەتە عێراق، ئەوا ئێستا دوای ئەوەی موسڵ ئازادکراوەتەوە و شەڕی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، دیسان بەشی هەرە زۆری ئەو چەکانەی ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کەوتوونەتە دەستی دوژمنێکی دیکەی ئەمریکا کە بەشێکی زۆری لە سەرکردەکانیان لە لیستی تیرۆریستاندان، ئەوانیش ئەو میلیشیایانەی حەشدی شەعبین کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیرییان لێدەکرێت.

دیارە لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی، جیا لەوەی فەرماندەکانیان وەك ئەبو ئیزرائیل و قەیس خەزعەلی و مەهدی موهەندیس و عەلی یاسری و نوری مالیکی و تەنانەت حەیدەر عەبادی و چەندینی دیکە، بێجگە لەوەی کوردستانیان بە ئیسرائیلی دووەم ناوزەد کردووە و هەرچی ناشیرینە بەکوردستانیان گوتووە، لەهەمان کاتیشدا ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە پەنا بۆ هێرشی سەربازی دژ بە کوردستان دەبەن و کوردستان داگیردەکەنەوە، تەنانەت لە چەند رۆژی رابردوو هەڕەشەکانیان کردووە بە جددی و لە سنووری باشووری کەرکووك و باکووری شاری موسڵەوە بە جۆرێك لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیك بوونەوە کە وایان پیشانداوە لە ئامادەباشی تەواودان بۆ هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و داگیرکردنەوەی کوردستان.

خستنەڕووی ئەم مەترسییانەی حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی کە دەیانەوێت لەسەر کوردستانی دروست بکەن، ئەو غروور و لووتبەرزییەیە کە بە پاڵپشتی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و چەکی مۆدێرنی ئەمریکی و رۆژئاوا شەڕی دژی داعشیان پێکردووە، ئێستاش کە شەڕەکە بەرەو کۆتایی دەچێت، دەیانەوێت ئەو چەکانە دژی پێشمەرگەو کوردستان تاقی بکەنەوە، بۆیە گرنگە ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئەو غرور و لووتبەرزییەی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی بشکێنن و راشکاوانە پێیان بڵێن کوردستان هێڵی سوورە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان بە بیانووی ئەوەی ئەمە کێشەیەکی ناوخۆییە، نەك شەڕی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی دژی داعش، ئەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش، پرسی بە کەس نەکردو خۆی بڕیاری (شەڕی

**ئەم بەرنامەیەی ئێران بەمەبەستی فراوانخوازی و باڵادەستبوونی پیادەی دەکات، پشت بە خەڵکانی غەیرە ئێرانی دەبەستێت، ئەمەش واتە شیعەی وڵاتە جیاوازەکان، لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەشیدا هەوڵیداوە پرۆسەی بەسەربازیکردن (التجنید) لەناو ئەو میلیشیایانە وەك دۆزینەوەی کار و سەرچاوەی دەهات پیادەبکات و سەرنجی لاوە بێکارەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەفغانستانی پێ رابکێشێت و بیناکاتە سووتەمەنیی ئەو شەڕە بەرفراوانەی لە یەمەنەوە تا عێراق بەڕێوەی دەبات**

**ئێستا هێزە وەکیلەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، یان ئەو میلیشیایانەی ئێران پشتگیرییان لێدەکات، بوونەتە هێزێکی ئەوتۆ لەسەر زەوی کە زەحمەتە ئەمریکا، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئاسانی بتوانن جڵەوگیری بکەن**



مان و نەمان)ی دا، ئەوا لەئەگەری هەر هێرشێك لەلایەن میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبییەوە بۆ سەر کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن سەرۆك بارزانی هەمان فەرمانی (شەڕی مان و نەمان)یان پێدراوەو لەچوارچێوەی شەڕی بەرگریکردن لە کوردستاندا بەهەمان شێوەی تیرۆریستانی داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و ئەوەی بەداعشی کرد، زیاتر بەو میلیشیایانەی شیعەی پرۆ ئێرانی دەکات.

پێدەچێت حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق کە توانای ئەوەی نییە کۆنترۆڵی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی بکات، پێیوابێت لە چوارچێوەی هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانان بەرامبەر بە ریفراندۆمی کوردستان، ئەوەی بۆ بشارێتەوە کە لە بەرپرسیاریەتی هێرشی ئەو حەشدانە بۆ سەر کوردستان دەردەچێت، بەڵام لە ئەگەری هەڵگیرسانی خوانەخواستەی شەڕ، ئەو میلیشیایانە لەسەر دەستی پێشمەرگە زەبرێکی وایان بەردەکەوێت کە جیهان ناچار بێت وەك تیرۆریستانی داعش سەیریان بکات، بەمەش داکۆکیکردنی عەبادی لەو میلیشیایانە لە باشترین حاڵەتەدا ئەگەر هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی وەك ئەبوبەکر بەغدادیش سەیری نەکات، ئەوا وەك حەسەن نەسروڵای سەرۆکی حزبوڵای لوبنانی مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

ئێران لە ئێستادا ناتوانێت و ناشیەوێت وەك دەوڵەتێکی دراوسێ شەڕ لەگەڵ کوردستان بکات و دەزانێت ئەگەر ئەم کارە بکات کاردانەوەکان چۆن دەبن و شەڕەکەش چ سیمایەك لەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێتە

**کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٧٩، ئەوەی نەشاردۆتەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئەوەیە کە هەناردەی ئەم شۆڕشە بکات بۆ دەرەوەو بیکاتە مۆدێلێکی حوکمڕانی بۆ دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، بۆ ئەوەی تا چەند بڕەخسێت، هەمان شێواز دووبارە بکرێتەوە**

**زمانی ئەم ستراتیژە تازەیەی ئەمریکا هێندەی ئاراستەی سوپای پاسدارانە (IRGC)، هێندە ئاراستەی دامەزراوەکانی دیکەی ئێران نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئامانجی ئەمریکا کەمکردنەوەی نفووز و باڵادەستیی ئێرانە لەناوچەکە، ئەمەش وەک دانانی ڕێگرییەک بۆ تەشەنەکردنی شەڕی مەزهەبی لە نێوان شیعە و سوننە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆتە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامیگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

خۆی، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق و بەو میلیشیایانە ئەو شەڕە بکات کە خۆی بە خاوەنیان دەزانێت، بەڵام هەرچۆنێک بیانەوێت ئەم شەڕە بە کوردستان بفرۆشن، شەڕەکە وەك شەڕی ناوخۆی وڵاتێک سەیر ناکرێت و دەبێتە شەڕێکی ئیقلیمی و لەوانەیە زۆر شوێنی دیکەش بگرێتەوە، وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێکردووە، ئەگەر ئەو هەڵە گەورەیە بکەن و بیانەوێت هێرش بکەنە سەر کەرکوك، کارەساتیکیان بەسەردا دێت کە لەوانەیە زۆر بە قورسی لێی دەربچن، هەر بۆیە ئەگەر مەترسیی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکان لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەو جۆرە بێت کە ئەگەری هەر شەڕێك لە بەرژەوەندی ئەو میلیشیایانە بشکێتەوە کە ئەمەش ئەو میلیشیایانەی سەرخۆش کردووە، بەڵام بەتەنیا لە بەرەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر شەڕێك بە کوردستان بفرۆشرێت، شەڕەکە بە شکاندنی ئەو میلیشیایانە و بە بەرژەوەندی کوردستان تەواو دەبێت، ئەم بۆچوونە لەسەر بنەما و سۆز بۆ پێشمەرگە و کوردستان بونیاد نەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو فاکتانەیە کە تەنیا لە کوردستاندا بوونی هەیە و لەتەواوی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی نییە، ئەو فاکتەش ئیرادەی خەڵکی و قارەمانیەتی پێشمەرگەیە کە توانی دڕندەیەکی وەك داعش بکات بە پەند کە چەکی زۆر باشتریان لەو میلیشیایانە بەدەستەوە بوو، لەبەرامبەردا پێشمەرگە وەك ئێستا پڕچەك نەبوو، تەنیا ژمارەیەك چەکی کۆنی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووی لەبەر دەست بوو.

**● ئەمریکا چۆن ستراتیژەکەی خۆی بۆ ئیحتیواکردنی نفووزی ئێرانی جێبەجێ دەکات؟**

بەردەوام ئەو ستراتیژ و بەرنامانەی ئیدارەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانیان دایانڕشتووە، خاڵی لاوازی میکانیزمی جێبەجێکردنەکەی بووە، سەرەنجامیش سەرنەکەوتنی ئەو ستراتیژ و بەرنامانە، جۆرێك لە نائومێدی بۆ ئیدارەکانی ئەمریکا دروست کردووە کە بیر لە هەڵپەساردن، یان دەستبەردابوونی بکەنەوە، ئەمەش وەك سەرکەوتنی نەیار و دوژمنەکانی ئەمریکا ڕەنگی داوەتەوە. لەمەشدا دەکرێت ئاماژە بە سیاسەتی ئیحتیواکردنی دوولایەنی ئەمریکا بکەین بەرامبەر بە عێراق و ئێران لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، هەروەها لەمامەڵەکردن لەگەڵ پڕۆگرامی نیوکلیاری کۆریای باکوور کە ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی سەرۆکی کۆریای باکوور هەڕەشە لە خاکی ئەمریکا دەکات، هەروەها شکستی ئەمریکا لە ئیدارەدانی پڕۆگرامەکانی نیوکلیاری ئێران کە لە ٢٠١٥ بە ڕێککەوتنی نیوکلیاری کۆتایی هات و ئێستا سەرۆکی ئەمریکا بە ئاشکرا دەڵێت گەورەترین هەڵە بوو کە کردوومانە.

سەبارە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەترسیی نفووز و باڵادەستیی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی هەموو ناوچەکە و بەرژەوەندی و مان و نەمانی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەکات، بۆیە هەڕەشەیەکی لەمجۆرە بە غرووری و لووتبەرزی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و دەبێت بەئاستی مەترسییەکە، ئیدارەی ئەمریکی وردەکاری تێدا بکات و پشت بە هاوپەیمانەکانی ببەستێت.

شارەزایان و توێژەران لەسەر ئاسایشی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و مەترسییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، بە پێویستی دەزانن ئەمریکا دان بەو ڕاستییەدا بنێت، باڵادەستی و نفووزی ئێرانی لە ناوچەکە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کە پێشتر ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی دروستی کردوون، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەبێت ئەمریکا زۆر بە وردی چاودێری هەوڵە فراوانخوازییەکانی ئێران بکات و لە هەمانکاتدا ئەو میکانیزمەی ئێران بۆ ئەم باڵادەستییە فەراهەمی کردوون، وەك دابینکردنی سەرچاوەی داهاتی دەرەکی، بۆ نموونە تەرخانکردنی ملیارەها دۆلار لە بودجەی عێراق بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە بەدەست وەکیلەکانی ئێرانەوەیەو بۆ مەبەستی ئامانجی فراوانخوازی و باڵادەستیی ئێران بەکار دەهێنرێت، دەبێت ئەمریکا هەوڵبدات ئەم میکانیزمە بە وردی هەڵبوەشێنێتەوە.

خاڵێکی دیکەی بەهێزی ئێران لە باڵادەستبوونی لە تەواوی ناوچەکە، دروستکردنی ئەو میلیشیایانەیە لەسەر زەوی، لە بەرامبەردا خاڵی لاوازی ئەمریکا ئەوەیە بێجگە لە کوردستان لەتەواوی ناوچەکانی نفووزی ئێرانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە یەمەن تا عێراق، لەسەر زەوی هیچ هێزێکی کاریگەریی هاوپەیمانی نییە، ئەوجا بۆ ئەوەی خاڵی یەکەمی ستراتیژەکەی سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەمریکا بێجگە لە بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و پاراستنی کوردستان رێگەی دیکەی لەبەردەمدا نییە، ئەگەر ئەمریکا نەتوانێت، یان ئەم ئەرکە بە قورس بزانێت کە هێزی پێشمەرگە بە تەواوەتی بەهێز بکات وەك سوپایەکی گەورە و مۆدێرن لەسەر زەوی و کوردستان نەبێتە ناوچەیەکی سەقامگیر و هاوپەیمانی پشت پێ بەستوو، ئەوا ئەم ستراتیژە لە هەر گۆشەیەکی دیکەوە دەست بەجێبەجێکردنی بکرێت، سەرەنجام لە ستراتیژەکانی پێشووتری سەرکەوتووتر نابێت، خاڵی گرنگ لە پشت بەستن بە کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم هەنگاوانە بۆ ئەمریکا ئاسان دەکات:

١. ئەگەر کوردستان بکرێتە خاڵی دەستپێك بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکەی ئیدارەی ترەمپ، ئەوا ئەمریکا وەك هەنگاوی یەکەم دەتوانێت هەم هاوپەیمانی زیاتر لە عێراقدا بۆخۆی دروست بکات و هەمیش دەتوانێت ئەو هێزانەی بەناچاری بوونەتە هاوپەیمانی ئێران، لە ئێرانیان دوور بخاتەوە، هەر بۆ نموونە لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبی بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر فەتواکەی سیستانی پەیوەندییان بەو هێزەوە کردووە، ئێستا لەناو حەشدی پرۆ ئێرانی پشتگوێ خراون و دژایەتی دەکرێن، هەروەها هێزەکانی دژە تیرۆر کەیفیان بە نفووزی ئێرانی لە عێراقدا نایەت، بۆیە ئەگەر ئەم هێزانە بینییان ئەمریکا بۆتە پشتیوان بۆ کوردستان و پێشمەرگە و راستگۆیە لە ستراتیژەکەی، ئەوا ئەوانیش متمانە بە ئەمریکا دەکەن و هەست دەکەن کە پشتیوانێکیان هەیە کاتێك لە ئێران دوور دەکەونەوە.

٢. بەشێکی زۆر لەو هێزانەی ئێستا وەك وەکیلی ئێران دەردەکەون، بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران یەکناگرنەوە، بەڵام هۆکاری ئەوەی بەرەو ئەو رێگەیە هەنگاویان هەڵگرتووە، ئەوەیە کە ئەمریکا وەك ئێران وەك پێویست و لە کاتی خۆی و بە قەوارەی مەترسییەکان بەتەنگ ئەو هێزانە نەچووە، بۆیە کەمتەرخەمیی ئەمریکا بۆشاییەکی دروستکردووە کە روو لە ئێران بکەن، بۆیە گرنگە ئەمریکا لەم بوارەدا زیاتر بەتەنگ ئەو هێزانەوە بچێت کە پێویستیان بە هاوکاری ئەمریکایە، لەم حاڵەتەدا ئەو هێزانە لەبری ئەوەی بەرەو ئێران رابکەن، دەبنە هاوپەیمانی ئەمریکا و ئەمەش نفووزی ئێرانی کەمدەکاتەوە.

٣. زۆر گرنگە ئەمریکا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی بە هاوشێوەی ئیسرائیل هێڵی سوور بۆ ئێران دیاری بکات، هەر بۆ نموونە لای ئیسرائیل ناردنی چەکی تازە و سیستمی تازەی چەك بۆ حزبوڵا هێڵی سوورە، بۆیە هەر کاتێك چەکی تازە بگاتە دەستی حزبوڵا، ئیسرائیل بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هیچ لایەك دەستبەجێ گورزی خۆی دەوەشێنێت و ئێران و حزبوڵاش فێربوون کە رێزی هێڵە سوورەکان بگرن، یان کاتێك دەیانەوێت میلیشیا پرۆ ئێرانییەکان لە سووریا مەترسی لەسەر سنووری ئیسرائیل دروست بکەن، ئیسرائیل دەستبەجێ وەڵامی پێویستی هەیە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە تازەیە ئەمریکا پێویستی بە دیاریکردنی چەند هێڵێکی سوور هەیە، بۆ ئەوەی ئەگەر ئێران خۆی بە راستەوخۆ، یان بە رێگەی وەکیلەکانی بە ناراستەوخۆ ئەو هێڵە سوورانەی بەزاند، ئەوا گرنگە ئەمریکا دەستبەجێ گورزی خۆی بوەشێنێت بۆ ئەوەی فێر نەبن هێڵە سوورەکان ببەزێنن.

بۆ ئێستا کە چەند رۆژێکە ئەمریکا ستراتیژەکەی راگەیاندووە، زۆر گرنگە کوردستان بکاتە یەکێك لەو هێڵە سوورانە و ئەوجا راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ هەر لایەك ئەو هێڵە سوورەی بەزاند، بە گورزی کەمەرشکێن وەڵام بدرێتەوە، ئەمەش دەبێتە دەستپێکی سەرکەوتوو بۆ ستراتیژیەتێکی گرنگ و دوورمەودای ئەوتۆ کە شکۆی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێناسە دەکاتەوە.

**کێشەی سەرەکیی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر ئەوە نییە ئێران لەناو سنوورە سەروەرییەکانی خۆیدا چۆن حوکمرانی دەکات، یان چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی ناو وڵاتەکەی خۆی دەکات، بەڵکو کێشەی سەرەکیی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، هەوڵەکانی ئێرانە بۆ باڵادەستی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەروەها دروستکردنی میلیشیای سەربازی سەر بەخۆیەتی لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە**

**بۆ ئێستا کە چەند رۆژێکە ئەمریکا ستراتیژەکەی راگەیاندووە، زۆر گرنگە کوردستان بکاتە یەکێك لەو هێڵە سوورانە و ئەوجا راستەوخۆ، یان راستەوخۆ هەر لایەک ئەو هێڵە سوورەی بەزاند، بە گورزی کەمەرشکێن وەڵام بدرێتەوە، ئەمەش دەبێتە دەستپێکی سەرکەوتوو بۆ ستراتیژیەتێکی گرنگ و دوورمەودای ئەوتۆ کە شکۆی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێناسە دەکاتەوە**

# وەبەرهێنان لە گشتپرسیی باشووری کوردستان

دوای ئەوەی ڕۆژی دووشەممە (٢٥ی ڕەزبەری٢٠١٧) گەلی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، پرۆسەکە بە شێوەیەکی زۆر ئارام و سەرکەوتوو ئەنجام دراو بووە ڕۆژێکی پرشنگداری مێژوویی و خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، پاش دەرچوونی ئەنجامی گشتپرسییەکەش بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کە بە سەرکەوتنێکی گەورە هەژمار دەکرێت بۆ هەموو گەلی کوردستان، هاوکات ئەم دەرئەنجامە بووە سەنەد و بەڵگەیەکی بەهێزی یاسایی و متمانەپێکراو بە دەست گەلی کوردستانەوە، بەمەش قۆناخێکی نوێ دەست پێ دەکات، ئەویش قۆناخی پاراستن و وەبەرهێنانە لە ئەنجامی ڕاپرسییەکە، کە قوناخێکی زۆر هەستیار و چارەنووسسازە.

وەبەرهێنان چەمکێکی ئابوورییە لە ئەسڵدا و دوایی لە بواری یاساییدا ڕێکخراوە تەنیا تاکە بوارێك ناگرێتەوە، بەڵام ئەم چەمکە یاخود وشەیە بەردەوام خۆی وەبەرهێنانی لە خودی خۆیدا کردووەو و دەیکات و تەنیا لە چوارچێوەی وەبەرهێنان لە بواری سەرمایەدا خۆی قەتیس نەکردووە، بەڵکوو بەردەوام لە فراوانبووندایە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەبەرهێنان بە زۆر شێوەو لە بواری هەمەجۆردا ئەنجام دەدرێت، وەك (وەبەرهێنان لە بواری ئاودا، وەبەرهێنان لە بواری ڕۆشنبیریدا، وەبەرهێنان لە بواری ژینگەدا، وەبەرهێنان لە بواری نەوت، یان گەشت و گوزار، یان لە بواری ئایینیدا، یان لە بواری زانست و فێربووندا، یان لە بواری تەکنۆلۆژیا و لە بواری میدیاییدا و هتد)، هەموو ئەو وەبەرهێنانانە دەکرێت و بە هەمان شێوە دەکرێت لە بواری ڕاپرسی و گشتپرسیدا وەبەرهێنان بکرێت، ئەویش پاڵپشت بەو زانیارییە ڕوون و ئاشکرایەی کە ڕاپرسی و مافی چارەی خونووسین مافێکی یاسایی و دانپێدانراوە لە



## پ.ی.د.ئازاد شکور ساڵح

**مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین –**
**مامۆستای خواستراو لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

جاڕنامەی مافی مرۆڤ، راستە پیادەکردنی مافێکی قانوونی دیموکراسی سیاسییە، بەڵام ئاسەوار و دەرهاویشتەی ئابووری لێ دەکەوێتەوە. هەروەك ئاماژەمان پێ کرد، چونکە وەبەرهێنان لە ئەسڵدا چەمکێکی ئابوورییە و لەلای هەموو لایەك ئاشکرایە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی جیهاندا کە ئابووری و سیاسەت دوو ڕووی هەمان دراون ( الاقتصاد والسياسة وجهان للعملة الواحدة) و هەردوو بوار واتە بواری ئابووری و بواری سیاسی کار لە یەك دەکەن، لە هەمان کاتدا کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیەو کارلێکراون، واتە (کارلێکەر و کارلێکراو) ــن لە یەکتری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ، بەڵگەش بۆ ئەو قسانە زۆر بە روونی و ئاشکرایی بە دیارکەوت لە پرۆسەی گشتپرسی و ئەنجامەکەی، ئەویش ئاسەواری سیاسی لێکەوتەوە، جا چ بە شێوەیەکی ئەرێنی بوو یان نەرێنی بوو. دەکرێت وەبەرهێنان لە ڕۆڵ و لایەنە ئەرێنییەکەی ئەنجام بدرێت کە مامەڵەی لەگەڵ گشتپرسی و ئەنجامەکەی کرد، هەروەها بە هەمان شێوە لەگەڵ بوارە ئابوورییەکەیدا و لە هەمان کاتدا مامەڵەی تەندروست و ژیرانە لەگەڵ لایەنی نەرێنیی ئەنجامی گشتپرسی بکرێت، ئەویش کار لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان بکرێت و سنووردار بکرێن، ئەویش بە چەند ئامراز و گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێك دەکرێت کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین. لە دیارترین کاریگەرییە ئابوورییەکان، کاریگەریی گشتپرسی باشووری کوردستان لەسەر بازاڕی وزەی جیهانی بوو، کە بە دیارکراوی نرخی یەك بەرمیل پێترۆڵی برێنت بۆ (٥٨،٢٣$) بەرز کردەوە، هەروەها نرخی یەك بەرمیل پێترۆڵی تێکساس بۆ (٥٢،٢٣$) بەرز بۆوە، وا مەزەندە دەکرێت کە ئەم نرخ بەرزبوونەوە بەردەوام بێت و روو لە هەڵکشان بێت، هەروەها نرخی دۆلاری ئەمریکی جووڵەیەکی

**دەبێت ئامادە بین بۆ هەر ئەگەرێکی لەناکاو و بە پەلە بۆی هەیە پێشهاتەکان وا بخوازێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەندرێت، خۆ ناکرێت لەو کاتە کار بە قانوونی دەوڵەتێکی تر کە عێراقە بکرێت لە دەوڵەتی کوردستانن بۆ نموونە (قانوونی دراو، قانوونی ناسنامە، ڕەگەزنامە، قانوونی باری کەسیەتی و قانوونی خزمەتی شارستانی و ...هتد.)**

**فەرەنسا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەگرێتەدەست و لە ئێستادا حکومەت و گەلی فەرەنسا باشترین پشتیوانی گەلی کوردستانن، بۆیە دەبێ کاری جددی لەسەر ڕۆڵی فەرەنسا بکرێت و کورد هانی لۆبی و لایەنگرانی فەرەنسی بخاتەگەڕ بۆ پشتگیریکردنی دۆزی کورد بەتایبەتی لە پرسی گشتپرسی و ئەنجامەکەی**

کەمی بە خۆیەوە بینی کە ئەم دوو هەنگاوە بە ئەرێنی دادەنرێن و لە بەرژەوەندی گەلی کوردستانە. بۆیە دەکرێت کوردستان وەبەرهێنان لەو خاڵەدا بکات، ئەویش بە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی پێترۆڵ و هەناردەکردنی زورترین ژمارەی بەرمیل لە پێترۆڵی خاو. بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی بازاڕ و ئابووری و لایەنە داراییەکەی باشووری کوردستان، پێویستە وەك یەکەم هەنگاو وەبەرهێنان لەو یەکڕیزییەی کۆمەڵگە و هەموو نەتەوە و ئایین و پارتە سیاسییەکان بکرێت، ئەویش بە فراوانکردن و پەرەپێدانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بونیادنەرانە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان، دوور لە ململانێی تەسکی حزبایەتی و ناوچەگەریی، ئەمەش ئەرکی هەموو تاك و لایەنێکە لەم کوردستانە، هەر ئەویش زامنی وەبەرهێنانی دروستە لە ئەنجامی گشتپرسی و خاڵی بنەڕەتی و سەرەکییە لە وەبەرهێنانێکی کاریگەر.. لێرەدا پرسیارێك دەورووژێندرێت، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی وڵاتانی تورکیا و ئێران سنووریان دانەخست؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەوانیش وەبەرهێنان لە هەردوو بواری ئابووری و سیاسی دەکەن، چونکە باش دەزانن کە گەمارۆی ئابووری لەسەر باشووری کوردستان دۆخەکە بۆ بواری مرۆیی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێن و لە کۆتاییدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێنە دەنگ و بڕیاری پێویست دەردەکەن، هاوشێوەی بڕیاری ژمارەی (٦٨٦) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ١٩٩١ دەریکرد، هەر بڕیارێکی لەم شێوەیەش بە قازانجی گەلی کوردستان و لە بەرژەوەندی سیاسی و پرسی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان دەبێت. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە فەرەنسا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەگرێتەدەست و لە ئێستادا حکومەت و گەلی فەرەنسا باشترین پشتیوانی گەلی کوردستانن، بۆیە دەبێ کاری جددی لەسەر ڕۆڵی فەرەنسا بکرێت و کورد هانی لۆبی و لایەنگرانی فەرەنسی بخاتەگەڕ بۆ پشتگیریکردنی دۆزی کورد بەتایبەتی لە پرسی گشتپرسی و ئەنجامەکەی، هەروەها پێویستە وەبەرهێنان بکرێت لەسەر بۆچوون و ئەو هەڵوێستەی کە دانیشتووانی ناوچە گەڕێنراوەکانی باشووری کوردستان ئەنجامیان دا، بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوور و کلدان و شەبەکەوە، جا چ موسڵمان، یان مەسیحی، یان زەردەشتی، یان ئێزیدی، یان کاکەیی، یان شوێنکەوتووی هەر ئایین و ئایینزایەك بن، ئەویش بە زیاتر ڕاکێشانیان بۆ ئینتیمای نیشتمانی و حاڵیکردنیان بە مافی هاونیشتمانی و پێکەوەژیان لە دەوڵەتی کوردستان لە داهاتوودا، ئەویش بە گەرەنتی دابینکردنی مافە نەتەوەیی و کەلتووری و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان.

پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن وەبەرهێنان لەسەر ئەنجامی گشتپرسیدا بکرێت، پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئەوا پێویستە ئاماژە بە خاڵێك بکەین کە دەبێت زۆر بە ژیری و لێزانانە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و دەرهاوێشتەکانی گشتپرسی و ئەنجامی گشتپرسییەکەدا بکرێت، چونکە بۆی هەیە هەر هەڵەیەکی زۆر بچووك لە هەنگاوێکی کرداری، یان لێدوانی هەڕەمەکی، ببێتە مەترسیی گەورە لەسەر پرۆسەی ئەم وەبەرهێنانە، یان لە ناوبردنی، بۆیە زۆر گرنگە کاری هەرە پێشینەی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردان بێت لە سەر پلانێکی ستراتیژی و گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە و ئەم وەبەرهێنانە، لە هەمان کاتدا پێکهێنانی چەند دەستە و لێژنەیەکی هاوکار، وەك:

- دەستەی دانوستان و دیراساتی ستراتیژی.
- دەستەی ڕاوێژکاری (قانونی –ئابووری – بازرگانی – دارایی و...هتد) کە پێکبهێنرێت لە کەسانی ئەکادیمی و زانستی و لێزانان و شارازایان لە بواری هەمەجۆر.

هەروەها پێویستە ئەم ئامراز و ڕێوشوێنانە بگرینە بەر بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی دروست و سەرکەوتوو لە سەر ئەنجامی گشتپرسی کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا هاتووە :

- پێویستە هەنگاوەکانی ئابووری و سیاسی لە کوردستان لەسەر دوو هێڵی هاوتەریب وەبەرهێنانیان لە سەر بکرێت و بە یەکەوە و بە ئاگاداری یەکتر هەنگاو بنێن، چونکە بواری ئابووری و سیاسی وەك شەمەندەفەڕ و فارگۆنەکەیەتی کە یەکێکیان ئەوەی

تر ڕادەکێشێت و دەکرێت بەردەوام جێگایان بگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی بە یەك ئاراستە بڕۆن نەوەك دژ بە یەك.

● پێویستە کاری زیاتر لەسەر یەکڕیزی بکرێت و ئەو تەباییە ناوخۆییە بپارێزرێت و پەرەی پێ بدرێت و لە چوارچێوەی واژووکردنی پەیماننامەیەکی شەرف ڕێکبخرێت.

● پێویستە ڕێگا لە چوونە دەرەوەی دۆلار -دراوی گران- (العملة الصعبة) لە کوردستان بگیرێت، بە تایبەتی لە پرۆسەی هاوردەکردنی کەلوپەل و کاڵا کەمالیاتییەکان، بۆ نموونە هاوردەکردنی ئۆتۆمۆبیل بۆ باشووری کوردستان تا ڕادەیێکی زۆر کەم بکرێتەوە، یان بۆ ماوەیەکی کاتی بوەستێندرێت.

● پێویستە هەرچی زووە لێژنەی ئامادەکردنی دەستوور بە پێکهاتەیەکی نوێ دەست بە کار بێت و ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان بۆ ڕاپرسی ئامادە بکرێت.

● پێویستە چاکسازی تەشریعی و قانوونی لە بەرامبەر قەیرانی دارایی و ئابووری ئامادە بکرێت و بۆ حاڵەتی لە ناکاو ئامادە بین.

● پێویستە ڕەشنووسی چەند قانوونێك ئامادەبێ بۆ دەنگدان لەسەری لە پەرلەمانی کوردستان کە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بەڕێوە دەبات لە بوارە هەمە جۆرەکان، چونکە دەبێت ئامادە بین بۆ هەر ئەگەرێکی لەناکاو و بەپەلە بۆی هەیە پێشهاتەکان وا بخوازێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەندرێت، خۆ ناکرێت لەو کاتە کار بە قانوونی دەوڵەتێکی تر کە عێراقە بکرێت لە دەوڵەتی کوردستانن بۆ نموونە (قانوونی دراو، قانوونی ناسنامە، ڕەگەزنامە،قانوونی باری کەسیەتی و قانوونی خزمەتی شارستانی و ...هتد.) خستنەڕووی پرۆژە ستراتیژییەکان بۆ وەبەرهێنان تیایدا بە مەبەستی هاندانی وڵاتان و کۆمپانیاکانی جیهانی و خاوەن بڕیار لە ئاستی ئابووری و سیاسی لە جیهان، بە تایبەت لە بواری پێترۆڵ و گازدا تا لە کوردستان وەبەرهێنانی ماوەدرێژ ئەنجام بدەن، ئەویش لە ڕێگای پەسندکردنی مۆڵەتی وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان و پیادەکردنی ئەوپەڕی شەفافییەت و ئاشکرایی بۆ ئەوەی متمانەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی بەدەستهێنانی متمانەی نێوخۆی لە هاووڵاتیان بە گشتی و ئەو هاووڵاتیانەی عەرەب و تورکمان و مەسیحی کە بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دەنگیان داوە لە ناوچەکانی تازە گەڕاوە بۆ سەر زێدی خۆیان کە کوردستانە .

● تەواوکردنی کاری بە خێرایی ئەو بەنداوانەی کە لەژێر ئەنجامدان و کۆگاکردنی ئاو لە بەنداوەکانی کوردستان.

● دروستکردنی شوێنی تایبەت بە کۆگاکردنی بەروبوومی دانەوێڵە (گەنم و جۆ ..) لە کوردستان بەتایبەتی بۆ وەرزی دروێنەی ساڵی داهاتوو، هەروەها دروستکردنی عەمباری گەورە کە جێگای بە سەدان یان هەزاران ملیۆن لیتر لە پێترۆڵ و گاز تیایدا بە کۆگا بکرێت. هەروەها کۆگاکردنی شیری منداڵان و داودەرمان کە بە لایەنی کەم بەشی (٣ — ٦) مانگ بکات .

● دامەزراندنی پەیمانگەیەکی نوێ لە بواری هونەری دانوستان و گفتوگۆ و، چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان لە کوردستان، ئەمەش بۆ پێشکەشکردنی دیراسات و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە کوردستان، بە ناوی پەیمانگای دانوستان و توێژینەوەی ستراتیژی، چونکە لەمەودوا دەبێت بۆ چارسەرکردنی هەموو بابەتێك لە کوردستان دوور بێت لە زمانی زبر و هەڕەشە، بەڵکو دەبێ بە دانوستان و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، جا لە هەر بوارێك بێت.

● پاراستنی ئەو جێگیرە ئابووری و داراییەی لە دۆخی بازاڕ و نرخی کاڵا و کەلوپەلەکان بپارێزرێت و بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە قۆرخکاریی بازاڕ نەدرێت .

● پێشکەشکردنی ئاسانکاری لە دەروازە سنوورییەکان بۆ بازرگانان لە ڕووی باج و گومرگ، ئەویش بە مەبەستی زیاتر هاندانیان.

● پێویستە وەبەرهێنان لە پەیوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا بکرێت و بەتایبەتی لە بواری وزە، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕووسیا هەژموونی سیاسی و ئابووریی بەهێز و کاریگەری لە سەر هەر دوو دراوسێی باشووری کوردستان هەیە کە هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێرانن.

**تورکیا و ئێران باش دەزانن کە گەمارۆی ئابووری لە سەر باشووری کوردستان دۆخەکە بۆ بواری مرۆیی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێن و لە کۆتاییدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێنەدەنگ و بڕیاری پێویست دەردەکەن، هاوشێوەی بڕیاری ژمارەی (٦٨٦) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ١٩٩١ دەریکرد**

**پێویستە وەبەرهێنان لە پەیوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا بکرێت و بەتایبەتی لە بواری وزە، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕووسیا هەژموونی سیاسی و ئابووریی بەهێز و کاریگەری لەسەر هەر دوو دراوسێی باشووری کوردستان هەیە کە هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێرانن**

# جیهان پێویستی به دەوڵەتی کوردستانە

ئەمڕۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان یەکێکە لەو پرسە هەنوکەیی و گرنگانەی کە جیهانی سەرقاڵ کردووە، چونکە لەهەموو کات زیاتر شیکردنەوەی توێژەرانی سیاسی لەسەر ئەم پرسە بۆتە بابەتێکی گرنگ و راڤەی جیاوازی بۆ دەکرێت. رۆژانە ئەگەر کەمێك بەدواداچوون بکەین دەبینین لە گشت کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندن بە میدیای نووسراو، بینراو، بیستراو و ئەلکترۆنییەوە زۆربەی شارەزایانی بواری سیاسی تەنانەت لە کەناڵە ئەوروپی و عەرەبییەکان سەرقاڵی ئامادەکردن و راڤەکردنی بابەتی جیاوازن لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، بێگومان ئەوەی گرنگە دەبێت هەموومان شیکردنەوەی لەسەر بکەین و باسی بکەین دروستبوون، یان دامەزراندنی دەوڵەتە کە خوێندنەوەی تایبەتی دەوێت بۆ ئەوەی بزانرێت دەرئەنجام و دەربارەکانی دروستبوون، یان دامەزراندنی دەوڵەتەکان چۆنەو لەسەر چ بوارێك دەکرێت.

بێگومان گەلی کوردستان سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو، بەپێی چەندین رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، بەسەر چوار دەوڵەتدا (عێراق، ئێران، سووریا، تورکیا) دابەش کراوە، بەڵام بە شێوازی ئاشتی بێت، یان خەباتی چەکداری، هەوڵی داوە کیانێکی سیاسی و یاسایی بۆ خۆی دابمەزرێنێت، بەتایبەتی خالێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت هەموومان لە کاتی شیکردنەوەکاندا بیزانین، ئەویش ئەوەیە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، وڵاتی میحوەرین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە رووی هێزی مرۆیی و جیۆپۆلەتیك و سامانی سرووشتی و مێژوو و باکگراوندی ژیارییەوە کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی جیهانی نییە، ئەمەش وادەکات کە لەکاتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بتوانین زۆر بەئاسانی دەنگی جیهان بۆخۆمان رابکێشین، چونکە هەر یەکێك لەو دەوڵەتانە بە نموونە عێراق و سووریا لە دەرئەنجامی رێککەوتنێکی سەرکاغەز دروست بوون، هیچ جۆرە شوناسێکی وەك دەوڵەت لەناسنامەی عێراقدا نییە، بەڵکوو هەر میللەتێك لە دانیشتووانەکەی خاوەنی شوناسی خۆیەتی، بۆ نموونە عەربەکەی خۆی بە شوناسی عەرەبی دەزانێت کوردەکەشی خۆی بە شوناسی کوردایەتی دەزانێت واتا هەر یەکێکیان شوناسی تایبەت بەخۆیان هەیە. هەروەها پرسی بە خاون دەوڵەتبوونی کوردستان هەنگاوی باشی بڕیوە، چونکە گۆڕانکارییەکانی نەخشەی سیاسی لە ناوچەکەدا کە روویدابێت، یان ئەمڕۆ وەك دەبینین نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر

**کوردستان تاکە وڵاتی رۆژهەڵاتە کە جەنگی ناوخۆیی تائیفی کاریگەری لەسەر نەکردووە، بەڵکوو ئاوارە و پەنابەری لە عێراق و سووریاوە بۆ هاتووە، وەک لانەیەکی ئارام زیاتر لە دوو ملیۆن پەنابەری لەخۆ گرتووە**



## مەیادە محەمەد نەجار

**سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەنوێ دروست دەکرێتەوە، لەکاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە دەریایەك لە خوێن لە نێوان وڵاتەکانیدا، ئەمەش وادەکات کە ئەو دەوڵەتانەی بەرهەمی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ بوون، هەموویان بەهۆی شەڕەوە بەرەو پووکانەوە و لاوازبوون چوون، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەسایەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی دۆزی کورد لە باشووردا لە قۆناخی زێڕینی خۆیەتی، هاوکات زۆرینەی پێکهاتەکانی بە دەوڵەتبوونی تێدایە، ئەمەش وادەکات کە جیهان پشتگیری لەم دەوڵەتە بکات، چونکە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی پرشنگدارداپە لە بواری ژێرخانی خزمەتگوزاری، سەربەخۆیی ئابووری و نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان. ئەگەر کەمێك لەم فاکتەرانە ورد ببینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە جیهانییان پێویستیان بە دەوڵەتێکی وەك کوردستانە کە سەرجەم پێکهاتەکانی بە دەوڵەتبوونی تێدابێت و دروگەیەکی ئارام بێت لەم ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەی کە بۆتە گۆماوی خوێن، تەنانەت کوردستان تاکە وڵاتی ڕۆژهەڵاتە کە جەنگی ناوخۆیی تائیفی کاریگەری لەسەر نەکردووە، بەڵکوو ئاوارە و پەنابەری لە عێراق و سووریاوە بۆ هاتووە، وەك لانەیەکی ئارام زیاتر لە دوو ملیۆن پەنابەری لەخۆ گرتووە، واتا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرە خودی و دەرەکییانە، و کۆمەڵێك پرەنسیپی جیوسیاسی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانین بڵێین کە جیهان پێویستی بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە. لەلایەکی ترەوە ئەمڕۆ جیهان پێویستییەکی زۆری بە وزە هەیە، بەتایبەتی نەوت و غازی سرووشتی کە ئەم دوو سامانە سرووشتیە لە خاکەکی کوردستاندا زۆرە، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەورووپا لەچەند ساڵی داهاتوودا، لە ڕوویەکی ترەوە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان ڕێگە لەبەردەم ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی ئیتنی وێرانکەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێت، چونکە دەوڵەتی کوردستان دەبێتە دیوارێك لەنیوان ئێران و بلۆکی شیعە لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی ئەورووپا، ئەمە بێجگە لەوەی کە هاوسەنگی بۆ باڵانسی هێز و هاوکێشەی ئیقلیمی دەگەڕێنێتەوە، ئەو کەوانە شیعییە دەپچڕێنێ کە ئێستا لە باری تەواوبووندایە، واتا دەوڵەتی کوردستان دەبێتە باشترین پاڵپشت بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێت دیموکراتیەت بڵاو بکەنەوە لەجیهاندا، چونکە دەوڵەتی کوردستان دەبێتە دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازی کە لەسەر بنەمای مۆدێرن دامەزراوە و پەیوەندی بە هزری تائیفییەوە نییە.

**ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، وڵاتی میحوەرین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕووی هێزی مرۆیی و جیۆپۆلەتیک و سامانی سرووشتی و مێژوو و باکگراوندی ژیارییەوە کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی جیهانی نییە**